## پێرستی بابەتەکانی ژمارە ( ٣٥ ) : ساڵی پێنجەم



| لاپەڕە | ناوی بابەت | ناوی ئامادەکار |
|---|---|---|
| ٢ | بەناو ( هەڵگرانی بیری میانڕەو !! ) دیوی دراوێکن ... | سەرنوسەر |
| ٣ | ڕێساکانی بیروباوەڕ | إدريس محمود |
| ٥ | دونیا لێکدابڕانی ئازیزانە، و بەهەشتیش بەیەکگەیشتنی خۆشەویستانە | زانست |
| ٦ | هیممەت بەرزی لە بانگەوازکردندا | پشتیوان حسن |
| ٨ | خەواریج و سیفاتەکانی لە کۆن و ئەم سەردەمەدا | هیوا زیرەك |
| ٩ | ئایە ڕەجمی زیناکار لە ئیسلامدا هەیە ؟! | ئامانج محمود |
| ١٠ | ئایا ئەوەی دەیزانی کاری پێ دەکەی ؟! | دیاری عباس |
| ١٢ | هەڵویستی پێشینە و سەلەفی صالح بەرامبەر بە دەقەکانی قورئان وسوننەت | حسين عمر |
| ١٤ | سوێند بەکێ بخۆم ؟ | ئەیاد کریم |
| ١٥ | فەرموودەکەی ( کەعبی کوڕی مالك ) و چەند سوودێك | سۆران ڕفیق |
| ١٧ | ئاگاداری حاڵی ئەو کەسە بە کە بانگەوازی دەکەی | صلاح علی |
| ١٩ | کورتەی ژیانی هاوەڵان | جوان مستەفا |
| ٢٠ | ئەگەر بڵێن بەیانی ئەمریت، چی ئەکەیت؟ | ڕزگار برا عزيز |



**تێبینــی** : بـۆ ئـەو فێرخـوازە ئازیزانـەی کـە دەیانـەوێت بابــەتیان بڵاوبێتــەوە ، زانــست ئــەو دەرفەتــەیان بــۆ دەرەخـــسێنێت ، بــەڵام بابەتــەکانیان بــەپێی مــەرجی بڵاوکراوەکە بێت ، لەوانەش :

١ . بابەتی دووبارە نەبێت ... ٢ . ئەگەر وەرگیراوە ئاماژە بە نـاوی سەرچـاوە بکرێـت ... ٣ . تـا دەتوانرێـت کـورت و پـوختکراو بێـت ... ٤ . ئامادەکـار نـاوی خـۆی و کۆلێـژ و بەشەکەی بنووسێت ... ٥ . تایپکراو بێت . ٦ . ئەگەر بابەتەکە فەرمودەی تیا بوو پێویستە (تحقيق) و(تخريج)کرا بێت .

بــە ڕەخنــە و پێــشنیارەکانتان بڵاوکراوەکــەتان دەوڵەمەندتر بکەن ... لە گەڵ ڕێزماندا .


بۆ دەستکەوتنی زانست سەردانی پێگەی ئەلکترۆنی :

www.ba8.org بکە.

سەرنووسەر :

عدنان بارام . دەرچووی عەرەبی . صلاح الدين .

**دەستەی نووسەران** :

**جيهاد قادر**/ ماستەر لە ڕەوانبێژی . فەرموودە .

**بلال جلال** / دراساتی ئیسلامی

**إدريس محمود** / دەرچووی یاسا. سلێمانی

**پشتیوان حسن** /دەرچووی ز.ئینگلیزی ، سلێمانی

تیراژ : ٣٥٠٠ دانە

## بەناو ( هەڵگرانی بیری میانڕەو !! ) دیوی دراوێکن دیوەکەی تری (( موعتەزیلە )) یە !!

بێگومان ئوممەتی ئیسلامی هەر لە سەردەمانی سەرەتایەوە بزوتنەوە و گروپگەلێکی ڕوخێنەر و گومڕاکاری زۆری بەخۆیەوە بینیوە ، گروپ وکۆمەڵانێك کە هەموو هەوڵ وکۆششێکیان ڕوخاندن و تێکشکان و ڕیشەکێش کردنی بنەوا و ڕەهەندە جێگیرەکانیەتی !!!

ئەوانەی دەستیان وەردەدا . لەکۆن و تازەشیاندا . لە چەندەها پرس و باسێك کە پەیوەستن بە زاتی خوای پەروەردگارەوە ، یان گومانیان لە ناو ئوممەت دروست کردووە و دەیکەن لە قورئانی پیرۆز و سونەتی پێغەمبەر ﷺ و بایەخ و پلە و پایە و قودسییەتی دەق دەشکێنن و عەقڵیان دەکەن بە دادوەر بەسەریانەوە !!! بێ بایەخدان بە بنەواکانی شەریعەت و نەگۆڕاوەکان ( الثوابت ) ـی ئایین !!!

هەروەك کەوتوونەتە تانە وتوانجدان لەهاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەر ﷺ وهەرجارە وبەشێوەیەك !!! ئەوەش بۆ لەکەدارکردنی ئەو شکۆدار وبەڕێزانە ، وپاشان ڕەواجدان بە بیروباوەڕ وبنەوا گەندەڵ وپوچەڵەکانیان !!

( موعتەزیلە ) یەکێك بووە لەو کۆمەڵ وگروپە گومڕایانەی مێژوو ، کە پاشان دەرکەوتنیان بە ناونیشانی تر وەك ( قوتابخانەی عەقڵانی نوێ ) ، و پاشان درێژبوونەوەیان تاکو ئەم سەردەمە لە ژێر چەندەها ناوی ڕەونەقداری تر وەك ( بەناو هەڵگرانی بیری میانڕەو !! ) !! کە لەڕاستیدا هەر هەموو دووبارە بوونەوەی مێژوون و هیچی تر !!

چونکە هەریەك لە ( قوتابخانەی عەقڵانی نوێ ) و ( بەناو هەڵگرانی بیری میانڕەو ) دیوی دراوێکن دیوەکەی تری گروپی ( موعتەزیلە ) ـی گومڕایە !!! کە بەداخەوە هەموو ئەمانە هاریکار و یارمەتیدەری دوژمنانی ئیسلام بوون لە دژایەتیان بۆ ئیسلامدا !!! و گەورەترین هۆکاری ناهەمواری و لاوازی ئەم ئوممەتە بوون . لە کۆن وئەم سەردەمەشدا . ، ئەوەش بە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕ و بنەواکانیان .

ئەوەی پێویستە لێرەدا بووترێت ئەوەیە کە : ئەگەر جیاوازی ئەو کەسانە لە بابەتە ئیجتهادیە فقهیەکان ببایە ، یان لەو بنەوایانەی بیروباوەڕ بوایە کە پێشین تیایدا جیاوازن بەهۆی دوو لایەنی بەڵگەکان جێی ئەوەبوو کە بەهانە و عوزریان بۆ بهێنرێتەوە ، بەڵام کەسایەتیەکانی ئەم گروپ و کۆمەڵانە دەستیان داوەتە زۆرێك لەو بنەوایانەی کە کۆڕای پێشین وزانایانی ئەم ئوممەتەی لەسەرە ، و لەو پرس وباسانەی کە زانراوی هەموانە وەك وتراوە : ( مَعْلُومٌ مِنَ الدِّيْنِ بِالضَّرُورَةِ ) ـن !!!

بۆ ئەوەش هەستاون بە پێشخستنی عەقڵ بەسەر نەقڵدا . کە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ دەگرێتەوە . بەڵکو تانە و توانجیان داوە لە فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ ئەگەر لەهەردوو ( صحیح ) ـی ( البخاري ومسلم ) یش یان یەکێکیان بێت !!! ئەمەش تەنها بەنەزانین ودروستکردنی گومان لێیان ، وپێوانیان بەپێوەرە عەقلیەکان ئەوەش نەك بە پێوەری عەقلێکی تەندروست ، بەڵکو بە عەقلێکی نەخۆش وشوێنکەوتەی ئارەزووە پوچەڵەکانی مرۆڤە نەزانەکان !!!

کۆمەڵی موعتەزیلە وپاش ئەوانیش ئەو قوتابیانەی . کە قوتابی وخوێنەری کتێبەکانیانن وشوێکەوتەی پەیڕەوەکانیانن . پشکی هەرە گەورەی ئەم باسەیان بەرکەوتووە ... تاکو گەشتوەتە ئەوەی قوتابیەکانیان لە پێشینە موعتەزیلەکانیان ببەنەوە وپێشکەون بەسەریاندا !!

بۆیە لایەق وایە کە ئەو کۆمەڵ وگروپ وکەسایەتیانە بە : ( **أهل الأهواء** = **ئارەزووپەرستان** و **شوێنکەوتوانی ئارەزوو** ) و

( **أهل البدع = بیدعەکاران** ) وەسف وناوزەد بکرێن ، چونکە ئەمەیان وەسفێکی ڕاست ودروست ولایەقە پێیان ، چونکە شوێنکەوتوی ئارەزووەکانیانن وتازەگەر وبیدعەکاران .

لەسەر ئەوەی ڕابوورد دەبێت فێرخوازانی خۆشەویست بەئاگابن لەو بەرنامەی کە بۆ سەرانی چەواشەکاری ئەم ڕەوتە ساز دەکرێت !! وە لەو پەرتووکانەیان کە وەردەگێردرێت سەر زمانی کوردی !! وە ئەو زنجیرە وەرگێڕانەیان کە لەم بوارەدا بڵاودەکرێتەوە لەژێر ناونیشانی ڕەونەقداردا !! کە لەڕاستیدا هەموو چەواشەکاری وئاوەژووکردنی ڕاستییەکانن !! وهەڵخەڵەتاندنی موسڵمانی ئاین دۆستە !! و بەرەو هەڵدێر بردنیانە !! بۆیە دەبێت موسڵمان لەم جۆرە ڕەوت و بزاڤانە بەئاگابێت ئەگەرچی ناو لەخۆیان بنێن : ( **هەڵگرانی بیری میانڕەو !!** ) یان هەر ناوێکی ڕەونەقداری تر کە لەڕاستیدا هەموو دیوی دراوێکن دیوەکەی تری (( **موعتەزیلەن** )) !!

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

**سەرنووسەر**

**عن يوسف بن أسباط قال: سمعت سفيان الثوري يقول: « إذا بلغك عن رجل بالمشرق صاحب سنة وآخر بالمغرب فابعث إليهما السلام وادع لهما، ما أقل أهل السنة والجماعة!»** ( اللالكائي): (١/٦٤ رقم ٤٩، ٥٠)

**واتە/ ئەگەر بیستت پیاوێك لەرۆژهەلاتە لەسەر سوننەت وەیەکێکی تر لەرۆژئاوایە ئەوا سەلامیان بۆ بنێرە ودوعای خێریان بۆ بکە، چەند کەمن ئەهلی سوننەت وجەماعەت!.**

## ڕێساکانی بیروباوەڕ

**ئەڵقەی سێیەم : ڕێسای سێیەم**

بِسْمِ اللهِ الرحمنِ الرحيم

الحَمْدُللهِ وَحْدَهُ، وَالصلاةُ وَالسلامُ على مَنْ لا نبي بَعْدَهُ :

**پێغەمبەری خوا (ﷺ) نێردراوە بۆ ناو خەڵکانێك کە جیاواز بوون لە پەرستنیاندا: کەسی وایان هەبوو فریشتەی دەپەرست ، وە هەیان بوو پێغەمبەران و پیاوچاکانی دەپەرست ، وە کەسی وایان هەبوو بەردو داری دەپەرست ، وە هەیان بوو خۆر و مانگی دەپەرست ، جا پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەگەڵ هەموویاندا جەنگاوە و جیاوازی نەکردووە لە نێوان هیچیاندا بەوەی کە بڵێت : ئەوەی فریشتە دەپەرستێت وازی لێبهێنن ئەوەشی بت دەپەرستێت بیکوژن ، بەڵکو هەموویانی بە بێباوەڕ و هاوبەش بڕیاردەر لە قەڵەمداوە و لەگەڵیاندا جەنگاوە .**

**بەڵگەش لەسەر ئەم قسانە ئەوەیە کە خوای گەورە فەرموویەتی:**[وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ لِلَّهِ] [البقرة:١٩٣] .

✍ **بەڵگەش لەسەر ئەوەی کە بەشێك لە هاوبەش بڕیاردەرەکان خۆر و مانگیان دەپەرست ئەوەیە کە خوای گەورە فەرموویەتی :** [وَمِنْ آيَاتِهِ اللَّيْلُ وَالنَّهَارُ وَالشَّمْسُ وَالْقَمَرُ لَا تَسْجُدُوا لِلشَّمْسِ وَلَا لِلْقَمَرِ وَاسْجُدُوا لِلَّهِ الَّذِي خَلَقَهُنَّ إِنْ كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ] [فصلت: ٣٧] .

**واتە: لە نیشانە و بەڵگەکانی خوای پەروەردگار شەو و ڕۆژ و خۆر و مانگە ، سوژدە نە بۆ خۆر و نە بۆ مانگ ببەن بەڵکو سوژدە بۆ خوای گەورە ببەن چونکە هەر ئەو شایستەی سوژدە بۆ بردن و پەرستنە بەتەنها خوای گەورە ئەوانەی دروستکردوون، ئەگەر ئێوە دەتانەوێ خوا بەتەنها بپەرستن .**

✍ **بەڵگەش لەسەر ئەوەی کە کافر و موشریکەکان فریشتەکانیان دەپەرستن، خوای گەورە دەفەرموێ:** [وَلَا يَأْمُرَكُمْ أَنْ تَتَّخِذُوا الْمَلَائِكَةَ وَالنَّبِيِّينَ أَرْبَابًا أَيَأْمُرُكُمْ بِالْكُفْرِ بَعْدَ إِذْ أَنْتُمْ مُسْلِمُونَ] [آل عمران: ٨٠] .

واتە: خوای گەورە فەرمانتان پێناکات کە فریشتەکان و پێغەمبەران بکەنە پەرستراوی خۆتان بەڵکو نەهیتان لێدەکات لەو کارە چونکە ئەوە شەریك دانانە بۆ خوای پەروەردگار چۆن خوا فەرمانتان پێدەکات بە بێباوەڕبوون وکافر بوون دوای ئەوەی کە ئێوە باوەڕتان هێنا و موسوڵمان بوون .

✍ بەڵگەش لەسەر ئەوەی کە هاوبەش بڕیاردەرەکان پێغەمبەرانیان دەپەرست، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: [وَإِذْ قَالَ اللَّهُ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ أَأَنْتَ قُلْتَ لِلنَّاسِ اتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَهَيْنِ مِنْ دُونِ اللَّهِ قَالَ سُبْحَانَكَ مَا يَكُونُ لِي أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِي بِحَقٍّ إِنْ كُنْتُ قُلْتُهُ فَقَدْ عَلِمْتَهُ تَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِي وَلَا أَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِكَ إِنَّكَ أَنْتَ عَلَّامُ الْغُيُوبِ] [المائدة: ١١٦] .

واتە: خوای گەورە فەرمووی: ئەی"عیسای کوڕی مەریەم" ئایا تۆ بە خەڵکت وتووە من و دایکم بکەن بە دوو پەرستراو جگە لە خوا ؟ عیسا دەفەرموێ: پاکی و بێگەردی بۆ تۆ خوایە بۆ من ناشێ شتێ بڵێم کە حەقی من نیە ، ئەگەر وتبێتم ئەوا بەڕاستی تۆ دەیزانیت ، دەزانی چی لە نەفسمدایە و من نازانم چی لە نەفسی تۆ دایە ، بەڕاستی تۆ زۆر زانای بەسەر نهێنیەکاندا، بەڵکو تەنها فەرمانم پێکردوون بەوەی کە تۆ بەتاك و تەنهایی بپەرستن و شەریکت بۆ بڕیارنەدەن چونکە پەروەردگاری من و ئێوەشە .

✍ بەڵگەش لەسەر ئەوەی کە هاوبەش بڕیاردەرەکان پیاوچاکانیان دەپەرست ، ئەو وتەیەی خوای گەورەیە کە فەرموویەتی : [أُولَئِكَ الَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَى رَبِّهِمُ الْوَسِيلَةَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ وَيَرْجُونَ رَحْمَتَهُ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُ] [الإسراء: ٥٧] .

واتە: ئەوانەی کەوا دەیانپەرستن و هاواریان لێدەکەن خۆیان لە هۆیەك دەگەڕێن کە خۆیانی پێ لە پەروەردگاریان نزیك بکەنەوە وە داوای بەهەشت و ڕەحمەتی خوا دەکەن و لە سزاکەشی دەترسن .

✍ وە بەڵگەش لەسەر ئەوەی هاوبەش بڕیاردەرەکان دارو بەردیان دەپەرست و هاواریان تێدەکردن و پەنایان پێدەگرتن ئەوەیە کە خوای گەورە فەرموویەتی : [أَفَرَأَيْتُمُ اللَّاتَ وَالْعُزَّى * وَمَنَاةَ الثَّالِثَةَ الْأُخْرَى] [النجم: ١٩،٢٠] . واتە: دەی پێم بڵێن و هەواڵم پێبدەن ئایا لات و عوززا کە دووبتن ، وە بتی سێیەم کە مەناتە ئایا هیچیان پێدەکرێ .

## ڕێسای چوارەم

✍ بێگومان هاوەڵ پەیداکەران و موشریکەکانی سەردەمی خۆمان شیرکەکەیان گەورەتر و قورستر و مەترسی دارترە لەوانەی پێشووی سەردەمی پێغەمبەر(ﷺ)، لەبەر ئەوەی ئەوانەی سەردەمی پێغەمبەر(ﷺ)شیرکیان بڕیاردەدا لە حاڵەتی ئاسایی و خۆشی و شادیدا ، وە بە ئیخلاصی و نیەت پاکی هاواریان دەکردە خوا لە حاڵەتی ناخۆشی و تەنگانەدا ، بەڵام موشریکەکانی سەردەمی خۆمان شیرکەکەیان بەردەوامە لە خۆشی و ناخۆشیدا ، وە بەڵگەش وتەی خوای پەروەردگار کە دەفەرموێ: ﴿فَإِذَا رَكِبُوا فِي الْفُلْكِ دَعَوُا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ فَلَمَّا نَجَّاهُمْ إِلَى الْبَرِّ إِذَا هُمْ يُشْرِكُونَ﴾ [العنكبوت: ٦٥].

واتا: ئینجا ئەگەر هاوبەش بڕیاردەرەکان سواری کەشتی بوون کەتووشی ناڕەحەتی و تەنگانە دەهاتن و دەترسان لە نقووم بوون، بەتەنهایی و دڵسۆزی هاواریان دەکردە خوا چونکە دەیانزانی کەس ناتوانێ ڕزگاریان بکات لەو ناڕەحەتیە تەنها خوا نەبێت، کەچی کاتێك خوا ڕزگاریان دەکات و دەگەنەوە وشکانی یەکسەر هاوبەش بۆ خوا دادەنێن.

وَصَلى اللهُ عَلَى مُحَمدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمد

**إدريس محمود**

**دەرچووی یاسا – سلێمانی**

**کردارێکی کەم لەسەر سوننەت باشترە لەکردارێکی زۆر لەبیدعەدا.**

# دونیا لێکدابڕانی ئازیزانە، و بەهەشتیش بەیەکگەیشتنی خۆشەویستانە

لە ژیانی دونیادا ئەوەی لای مرۆڤەکان شایستەی چێژلێوەرگرتن و خۆشیەو زۆرجار مرۆڤ وەکو هۆکارێك پەنای بۆ دەبات بۆ ڕزگاربوون لەو خەم وپەژارەو ئەو دڵتەنگی و بێزاریانەی تووشی دەبن بەهۆی کێشەو گرفت و نالەباری وبارودۆخی ژیانەوە، لەو کاتەدا بیرلەوە دەکاتەوە ژینگەیەکی ئاسوودەو دۆخێکی دڵخۆش دروست بکات ئەوەش بە بینینی کەسە خۆشەویست و ئازیزەکانی و دانیشتن لایان و تەنانەت ئەگەر دووریش بن ئامادەیە گەشت بکات بۆ سەردان کردنیان تەنها لە پێناو پێکهێنانی کەشێکی ئارام و بەسەربردنی ساتێکی خۆش و ڕەواندنەوەی خەم وناخۆشیەکان.

بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانیە ئەوەیە لەم دونیایەدا ئەوانەی لە ناخی دڵماندا شوێنیان گرتووە و تامەزرۆی بینینیانین وپەرۆشی پێگەیشتنیانین تاکۆتایی لەگەڵماندا نابن یان ئەوان یان ئێمە ، مردن ڕاپێچی خاکی دەکات و ئیتر هەرگیز نایانبینینەوە، ئەوەش زیاتر دەبێتە هۆی زیادبوونی خەم وپەژارە بۆ لەدەستدانیان و بۆ هەمیشە دەچنە نێو دونیای نادیاری و لەپێش چاومان ون دەبن بەیەکجاری، ڕەنگە تۆی خوێنەری ئەم بابەتە ئەم هەستەت لە دڵا بێت و لەواقعی ئەم قسانە تێبگەیت و خۆشەویستێکت لێ ون بووبێت، بەڵام ئەمە سروشتی دونیایە ئەبێ وابێت.

بەڕێزم ئەوەی دەمەوێ سەرنجتی بۆ ڕابکێشم ئەوەیە کە بزانین یەکێك لەو نازو نیعمەت و خۆشی یە زۆر و بێ شومارانەی لەبەهەشتدا هەیە بریتیە لە دیداری ئەو خۆشەویست و کەسە ئازیزانە و دیسانەوە شادبوون و چاوڕۆشن بونەوە بە بینینیان. بۆیە بەڕێزان با هەر لەم ژیانەدا بڕیاربدەین خۆمان و ئازیزانمان لەگوێڕایەڵی خواو پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەرنەچین و لەسەر ڕێگەی ڕاست بڕۆین وبە موسڵمانێتی نەبێ نەمرین، بۆ ئەوەی لەبەهەشتە پان وبەرینەکەی خوادا پێکەوە کۆببینەوە بۆ هەتاهەتایە لەگەڵیاندا بژین.

بەڕێزان ئەوەش بزانن کە لەبەهەشتدا ئەو خۆشەویستانەش دەتوانیت ببینی کەبەدڵ تامەزرۆیانیت وبەچاو هەرگیز نەیانت بینیوەو پەرۆشی گەیشتنیت پێیان وەکو پێغەمبەران هاوەڵان وپیاوچاکان و زانایان و لەسەرووی هەموویشیانەوە بینینی خوای پەروەردگارمان کە لە هەمووان خۆشەویستترە بەلامانەوە سبحانه و تعالى.

خوایە گیان بەبێ ئەوەی داوات لێ بکەم لەم دونیایەدا کۆمەڵێك خۆشەویستت پێشکەش کردووم، دەسا وا داوات لێ دەکەم و لێت دەپاڕێمەوە کەلە گەڵیاندا پێکەوە لەبەهەشتدا بم. ئامین.

**ئا - زانست**

=======================

# موسیبەتێك گەورەتر لە مردن

**الموت من أعظم المصائب وقد سماه الله مصيبة في قوله " فأصابتكم مصيبة الموت" .**

**قال علمائنا : وأعظم منه الغفلة عنه ، والإعراض عن ذكره ، وقلة التفكر فيه ، وترك العمل له ، وإن فيه وحده لعبرة لمن اعتبر وفكرة لمن تفكر.**

واتە : مردن لە گەورەترین موسیبەتەکانە و خوا سبحانه ناوی لێناوە موسیبەت وەکو فەرموویەتی : " **فأصابتكم مصيبة الموت** " .

زانایانمان فەرموویانە : لە موسیبەتی مردن گەورەتر بێئاگابوونە لێی، و پشتکردنە لە باسکردنی، و کەم بیرکردنەوەیە لێی، و ئیش بۆ نەکردنیەتی، و بە تەنها لە مردندا پەند هەیە بۆ کەسێك پەند وەربگرێ و جێی بیرکردنەوەیە بۆ کەسێك بیربکاتەوە .

# هیممەت بەرزی لە بانگەوازکردندا

الحَمْدُللهِ وَحْدَهُ، وَالصلاةُ وَالسلامُ على مَنْ لا نبي بَعْدَهُ :

أما بعد:

خوێنەرانی بەڕێزی گۆڤاری زانست: ئەگەر کەسێك پرسیار بکات وبڵێت: ئەو نهێنیە چیە کە تا ئێستا ئەم ئاینی ئیسلامە وا بەو زیندوێتیە ماوەتەوە (پاش پاراستنی خوایی بۆی)؟

وەڵامەکەی ئەوەیە کە بەهۆی بانگەوازکردنی کەسانی دڵسۆز وبەئەمەکی موسڵمانەوەیە، کە خزمەتی جۆر بەجۆریان پێشکەش بەخەڵك کردووەو شەو ورۆژیان خستووەتە سەر یەك بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵکی لە بیدعەو ئەفسانەو بێ دینی، وئامۆژگاری موسڵمانانیان کردووە لەهەموو ئان وساتێکدا.

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلاً مِّمَّنْ دَعَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحاً وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ الْمُسْلِمِينَ (٣٣)﴾ {فصلت} واتە: جا کێ لەو کەسە جوانگوفتارترو قسەی بەجێترە کە بانگەوازی خەڵکی کردووە بۆ لای خوا،وکاروکردەوەی چاکیشی ئەنجام داوە، و وتوشیەتی: بەڕاستی من لەڕیزی موسڵمانانندام.

حەسەنی بەصری (بەڕەحمەت بێت) لە نێو شاری بەصرەدا دەوەستاو هیممەتی خەڵکی بەرزدەکردەوە وئەم ئایەتەی بۆ دەخوێندنەوەو دەیووت: ئەی خەڵکینە! ئەو کەسەی کە لەئایەتەکەدا باس کراوە، ئەوە کەسێکە کە وەڵامی بانگەوازەکەی خوای داوەتەوەو خەڵکیشی بانگ کردووە بۆ ئەو بانگەوازەو پاشان کردەوەی چاکیشی ئەنجام داوە لە وەڵامدانەوەکەیدا، ئەوە خوشەویست و دۆستی خوای گەورەیە.

پێشەوا ابن القيم دەڵێت: " پلەوپایەی بانگەواز بۆ لای خوا ڕێزدارترینی پلەوپایەکانی بەندایەتیە ". هەروەها دەڵێت: " بانگەوازکردن بۆ لای خوا پیشەی پێغەمبەران وشوێنکەوتووانیانە، کە جێنشینی پێغەمبەرانن لەنێو ئوممەتەکانیاندا، و خەڵکی شوێنکەوتەی ئەوانن، خوای گەورە فەرمانی بە پێغەمبەرەکەی کردووە ﷺ کە ئەوەی بۆی دابەزیوە بڵاوی بکاتەوەو ڕای بگەیەنێت، و بەوهۆیەوە پاراستوویەتی لەخەڵکی وچاودێری کردووە، بەهەمان شێوەیش بانگەوازکارانی نێو ئوممەتەکەی بەگوێرەی هەستانیان بەئەرکی بانگەوازکردن پاراستنی خواییان بۆ هەیە ....".

بۆیە ئەی براو خوشکی بەڕێزم: ئەگەر نازانی فێربە، ئەگەریش ئەزانی ئەوا ڕای بگەیەنە، تۆ چوزانیت پێدەچێت بەهۆی قسەیەك، نووسینێك، هەڵوێستێك، ئامۆژگاریەکتەوە، کەسێك لە گومڕایی ڕزگاربکەیت و لەتاوان دووری بخەیتەوە وببیتە هۆی ئەوەی تەوبە بکات وپەشیمان ببێتەوە، ئەوەتا پێغەمبەری خوا ﷺبە عەلی وموعاز دەفەرموێت: " لَإن يهديَ اللهُ بِكَ رجلاً واحداً خير لكَ مِن حمرِ النعم " [1] واتە: ئەگەر خوا بەهۆی تۆوە هیدایەتی یەکێك بدات ئەوا لە وشتری سوور بۆت باشترە.[2]

بۆیە هەمیشە لە دونیادا چاوت لە سەرکەوتنی ڕاستەقینەی ئیسلام بێت وچاوەڕێی ئەو ڕۆژە بکە کە ئاینی ئیسلامی ڕەسەن حوکمی هەموو زەوی دەکات و موسڵمانان سەردەکەون و لەدوارۆژیشدا چاوەڕێی بەهەشت و ژیانی خۆشی نەبڕاوە بە، ئەگەر بەو ئومێدەوە بژیت ئەوا کێشەو ئاستەنگ وکۆسپەکانی دونیات لا ئاسان دەبێت وبە بچووك تەماشایان دەکەیت وبەردەوام ڕووت لە پێشەوەیەو سەیری ئاسۆیەکی بەرز وگەشتر دەکەیت وهیممەتت بەرزدەبێتەوە. و ببە بەنموونەی مامۆستا و کەسێکی چاکەخواز و کلیلی خێربە با دەرگای چاکە بەڕووی

---

[1] : رواه البخاري ومسلم.

[2] : ووشتری سوور یەکێك بووە لە ماڵ وسامانە هەرە بەنرخ وگران بەهاکان لەو سەردەمەدا (بۆیە بەنموونە هێنراوەتەوە).

خەڵکدا بکەیتەوەو داخەری دەرگای خراپە بیت وخەڵك بەهۆی تۆوە خوایان بیربکەوێتەوەو هەمیشە ئامۆژگاری خێر لەسەر زارت بێ وکردەوەی چاك ڕەفتارت بێت بەوشێوەیە بەر خێرو پیت و بەرەکەتی دوعای هەموو خەڵك وبونەوەر دەکەویت، وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: " إن الله وملائكتهُ وأهل السمواتِ والأرض، حتى النملةُ في جحرها وحتى الحوت ليصلّونَ على معلّمِ الناس الخير " [٣] واتە: خوای گەورەو سەرجەم فریشتەکانی و هەموو دانیشتوانی ئاسمانەکان و زەوی وتەنانەت مێرووڵەیەك لەکونەکەی خۆیدا و ماسی ناو دەریاکانیش دوعا دەکەن ودەپاڕێنەوە بۆ ئەو مامۆستایەی کە خێرو چاکە فێری خەڵکی دەکات.

یەکێکی تر لەهۆکارەکانی دروست بوونی هیممەت بەرزی کۆڵنەدان لەبواری بانگەوازیدا بریتیە لە خۆڕاگری وئارامگری لەسەر ئەو ناڕەحەتیانەی ڕێگاو وەڵام نەدانەوەیەی خەڵکی بۆ بانگەوازەکەت، هەر بۆیە ئەگەر سەیری بانگەوازی پێغەمبەران بکەین ئەو ڕاستیە بە ئاشکرا هەست پێ دەکەین کە هەرگیز نائومێد نەبوونە و چاویان لەڕەحمەتی خوا بووەو باوەڕی تەواویان هەبووە کە خوای باڵادەست هەر ڕۆژێك دێت سەریان بخات و ئاینەکەیان جێگیرو دامەزراو بێت لەسەر زەویدا، ئەوەتا وەکو لە فەرموودەدا هاتووە کە لە ڕۆژی دواییدا پێغەمبەری وا هەیە هیچ کەسی لەگەڵدا نیە تەنانەت یەك کەسیش شوێنی نەکەوتووە، یان پێغەمبەر نوح (سەلامی خوای لەسەر بێت) کە نۆسەد و پەنجا ساڵ بانگەوازی گەلەکەی خۆی کرد، خەڵکانێکی کەم باوەڕیان پێی هێنا، بەڵام خۆڕاگرو دامەزراو بوو وەکو شاخەکان و شێوازی بانگەوازەکەی دەگۆڕی بۆ ئەوەی سوودیان پێ بگەیەنێت، کەبەشەوو ڕۆژ بانگی دەکردن، پاشان بە نهێنی وبە ئاشکرا هەموو شتێکی خێری بۆیان باس کرد، کە ئەمەش ئەوپەڕی تێکۆشانەو ماندوونەناسانە ئامۆژگاری گەلەکەی خۆی دەکرد کە لە ڕاستیدا نموونەیەکی چاکە بۆ ئەوەی ئێمەش چاوی لێ بکەین و ئیقتیدای پێوە بکەین.

لەلایەکی ترەوە هیممەت بەرزی هۆکارێکە بۆ ئەوەی بانگخواز تووشی بێزاری و تەمەڵی و وەستان نەبێت و بەڵکو هەمیشە چالاك بێت و بەجدیەوە ئەرکی سەرشانی خۆی جێ بەجێ بکات، چونکە ئەو کاتە دەزانێت کە ئەو ڕێگەیەکی گرتووەتە بەر کەدرێژەو پێویستی بە خۆڕاگری و وورە بەرزی هەیە بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە کارەکەیدا، وە دەبێت ئەوەش بزانین کە بانگکردنی خەڵکی بۆ لای خوا و پەیامەکەی پیشەی هەموو تاکێکی موسڵمانە دەبێت تێکڕا هەست بە بەرپرسیارێتی بکەین و هەریەکێك لەشوێن و پیشەکەی خۆیدا دەتوانێت بانگخوازێك بێت بە ئامۆژگاری کردن و ڕەفتارو ڕەوشتی جوان نواندن و هەڵسوکەوتی موسڵمانانە و نووسین و هەر شێوازێك کەلەتواناتدا هەبێت، نابێت کەمتەرخەمی بکەیت و سستی بتگرێت وشەیتان زەفەرت پێ ببات. و لەهەموو شوێن و جێگایەکدا هەوڵی خۆت بدەو بەدەرفەتی بزانە و بەحیکمەت ودانایییەوە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکەدا بکە بۆ ئەوەی خەڵك جوانی ئیسلامیان باشتر بۆ دەربکەوێت.

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَقُلِ اعْمَلُوا فَسَيَرَى اللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُ وَالْمُؤْمِنُونَ﴾ {التوبة: ١٠٥} واتە: بەو خەڵکە بڵێ: ئێوە هەرچی دەتوانن لەکاروکردەوە ئەنجامی بدەن، چونکە خوا کاروکردەوەتان دەبینێت.

وصل اللهم وسلم وبارك على نبينا وحبيبنا محمدٍ وعلى آلِهِ وصحبِهِ وسلّم تسليماً كثيراً.

پشتیوان حسن کرم
دەرچووی ئینگلیزی – سلێمانی

[٣]: رواه الترمذي وصححه الألباني في صحيح الترمذي ٢/٣٤٣ رقم ٢١٥٩.

## خەواریج و سیفاتەکانی لە کۆن و ئەم سەردەمەدا

**بەشی دووەم :**

**١_ بەکافر دانان و کوشتن :** یەکێك لەهەرە سیفەتە خراپەکانی خەواریج و گەورەترین سیفەتیان ئەوەیە کە کەسی موسوڵمان بەناهەق بەکافر دادەنێن و کوشتاریان دەکەن بێئەوەی زانستیان هەبێت لەو ڕووەوە ، و تەنها چەند دەقێك بۆ ئەو مەبەستە بەکاردێنن ، جا ئیتر ناگەڕێنەوە بۆ تەفسیرو شرۆڤەی هاوەڵان موفەسیرە بەناوبانگەکانی ئەهلی سوننەت و جەماعەت ، بۆیە ئەو سیفەتە لەکۆنەوە هاتووە کە کاتێك ئیمامی عوسمانیان بەکافر داناو شەهیدیان کردو پاشان ئیمامی عەلی و دەیان هاوەڵی بەڕێزیان شەهید کرد ، ئەم سیفەتە درێژەی هەبوو تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆ ، بۆنمونە تەماشا دەکەین بەناوی جیهادو فتوحاتەوە سەدان و هەزاران کەسی ئیماندار جا چ پیاو بێت یان ژن ، پیر بێت یان گەنج ، منداڵ بێت یاخود گەورە ، هیچ بەلایانەوە گرنگ و جیاکار نیە ، بەڵکو تەنها کوشتن بەلایانەوە گرنگە ، هەر لەو ڕووەوە گەر تەماشایان بکەیت هیچ جیاوازی یەکی ئەوتۆ نابینیت لەنێوان (داعش) کە ئەمڕۆ پەیدابووەو هاوسەردەمە لەگەڵ خەواریجەکانی کۆندا ، چونکە ئەمانیش ئێستە وازیان لەکوفرستان و وڵاتی کوفرو تاغوت و زاڵمەکان هێناوەو هاتوون کوشتاری نەتەوەیەك دەکەن کە هەرگیز دەستپێشخەری نەکردووە لەکوشتار بەرامبەر ئەوان تاوەکو ئەمڕۆش تەنها لەسەنگەری بەرگریدایەو سوپاس بۆ خودا خۆشی بەموسوڵمان دەزانێت ،و بەهیچ شێوەیەك کوفری ڕانەگەیاندووە ، وە تەماشاش دەکەین زۆربەی ئەوانەش کە لەو جەنگەدا دەکوژرێن بەچکەی موسوڵمانن و نوێژخوێن و ڕۆژووگرن ، بەڵام دەگەڕێینەوە سەر بابەتەکەمان ئەویش ئەوەیە تەنها مەبەستیان ئەوەیە ڕایبگەیەنن کە ئەمانە کافرن و کوشتاریان دروستە ، لەکاتێکدا لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەری خوا (صلی الله علیە وسلم) هاتووە کە فەرموویەتی : " هەرکەسێك لەئوممەتەکەم دەربچێت دەست بکات بەکوشتار و چاك و خراپ بکوژێت و هیچ کات دەست نەپارێزێت لەکەسانی ئیماندارو موسوڵمان ،و وەفاش نەکات بەو عەهدو پەیمانەی کە بەو کەسانە دراون کە لەژێر سایەی وڵاتی موسوڵمانان دەژین و بۆکاروباری خۆیان هاتوون و ئاشتیپارێزو موسالیمن و ئەوانیش بکوژێت ولەناویان بەرێت ، ئەوا ئەو کەسە لەئوممەتی من نیە ".(موسلیم ڕیوایەتی کردووە).

وە دیسانەوە ، پێغەمبەری خوا (صلی الله علیە وسلم) دەفەرموێت : ( لا يحل دم امرئ مسلم يشهد أن لا إله إلا الله وأني رسول الله بإحدى ثلاث : النفس بالنفس ، والثيّب الزاني ، التارك لدينه المفارق للجماعة).(بخاري ومسلم).

واتە " هیچ کات حەڵاڵ نیە بۆ موسوڵمان کە خوێنی کەسێك بڕێژێت لەکاتێکدا شایەتومانی هێناوەو موسوڵمان بووە، تەنها بەم سێ مەرجە نەبێت ، ئەویش : ئەگەر کەسێکی کوشتبێت یاخود کەسێك پاش هاوسەرگیری داوێن پیسی و زینا بکات یان وازی لەئاینەکەی هێنابێت و پشتی لەموسڵمانان کردبێت".(بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان کردووە).

**هەروەها :** عنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ :( لَا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى يُقْبَضَ الْعِلْمُ ، وَتَكْثُرَ الزَّلَازِلُ ، وَيَتَقَارَبَ الزَّمَانُ ، وَتَظْهَرَ الْفِتَنُ ، وَيَكْثُرَ الْهَرْجُ ، وَهُوَ الْقَتْلُ الْقَتْلُ).(بخاري ومسلم).

واتە " لەئەبی هورەیرەوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیە وسلم) دەفەرموێت : (قیامەت هەڵناسێت تاوەکو زانست و زاناکان لەناو خەڵکی هەڵدەگیرێن و نامێنن ، وە زەمینەلەرزەو ڕۆچوون زۆر دەبێت ، و کاتەکان زۆر کورت دەبنەوە ،و وەفیتنە زۆر دەبێت ،و هەرجیش زۆر دەبێت ، وترا هەرج چیە ؟ ئەویش فەرمووی : کوشتن کوشتن ).(بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان کردووە).

**ئا / م.هیوا زیرەك .**

# ئایە ڕەجمی زیناکار لە ئیسلامدا هەیە ؟!

الحمد لله والصلاة والسلام على رسوله الناصح الأمين وعلى آله وأزواجه وصحبه ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين .
أما بعد :

بەڕاستی ئیسلام چارەسەری هەموو کێشەیەکی کۆمەڵایەتی کردووە ، بەوەی بۆ هەر کێشەیەك چارەسەرێکی داناوە ، یەکی لەو کێشانەی کە دەبێتە هۆی تێکچوونی ژیان و لەناوچوونی بەها مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتیەکان دیاریدەی زیناکردنە ، واتە : گەیشتنی پیاو و ئافرەتێك بەیەك بە ڕێگایەکی ناشەرعی و نادروست ، بێگومان ئیسلام چارەسەری ئەم دیاریدەی کردووە بەوەی چارەسەرەکەی داناوە وە هەروەها سزاشی داناوە بۆ هەر کەسێك کە ئەنجامی بدات :

چارەسەرەکەی بەوەیە کە گەنجان زوو ژن بهێنن و کچان زوو مێرد بکەن ، بەڵام ئەگەر کەسێك نەیتوانی ئەو چارەسەرە ئەنجام بدات ئەوا ڕێگایەکی تری لە پێشە کە ڕۆژووگرتنە وەکو پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت : ئەی کۆمەڵی گەنجان ، هەر کەس لە ئێوە توانای ژن هێنانی هەیە ئەوا با ژن بهێنێت ، بەڕاستی ژن هێنان پارێزەری چاوە لە حەرامەکان ، و پارێزەری عەورەتە لە حەرامەکان ، وە هەر کەس توانای نەبوو ژن بهێنێت ئەوا با ڕۆژوو بگرێت و پەیوەست بێت پێوەی ، چونکە بێگومان ڕۆژوو کەمکەرەوە و سەرشکێنی ئارەززوەکانە ( متفق عليه ) .

بەڵام ئەگەر کەسێك یاخی بوو لەم چارەسەرانە و ڕێگا ناشەرعییەکەی هەڵبژارد ئەوا ئیسلام سزایەکی بۆ داناوە کە دەبێت دەسەڵات و حکومەت جێ بەجێی بکات بەسەریدا ئەویش بە لێدانی ( ١٠٠ ) جەڵدە و دەرکردنی لە شوێنی نیشتەجێکردنی بۆ ماوەی یەك ساڵ ئەم سزایە جیاوازی نیە بۆ کوڕ یان کچ ، بەڵگەش لەسەر ئەم سزایە ، أبو هريرە رضي الله عنه دەفەرموێت : " بەڕاستی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی دەکرد بەوەی کە زینای کردووە بەڵام ژنی نەهێنابوو ، بەوەی کە ساڵێك دووربخرێتەوە ، و حەدەکەی لەسەر جێ بەجێ بکرێت " ( رواه البخاري ) .

زانایان خیلافیان نیە لەوەی کە کەسێك ژنی نەبوو سەد جەڵدەی لێدەدرێت هەروەکو لە ئایەتی دووی سورەتی نوردا هاتووە .

ئەمە بۆ کەسێك ژنی نەهێنابوو بەڵام ئەگەر ژنی هێنابوو پاشان ڕێگا ناشەرعییەکەشی هەڵبژارد کاری زیناکردنی کرد ئەوا سزاکەی قورستر دەبێت بەوەی کە بەردباران دەکرێت تاکو دەمرێت پیاو بێت یان ئافرەت ، بەڵام کۆمەڵێکی گومڕا و سەر لێشێواو کە میراتگری خەواریج و موعتەزیلەن لەم سەردەمەدا هاتوون دەڵێن نەخێر ڕەجم کردن لە ئیسلامدا نیە چونکە قورئان باسی نەکردووە ، وە چەندان حەدیسی بوخاری و موسلم کە صەحیح ترین کتێبن لە دوای قورئان ڕەت دەکەنەوە بە هەوا و ئارەزووی بۆگەنی خۆیان لێرەدا هەندێك لەو حەدیسانە باس دەکەم تەنها بە دەقە عەرەبیەکەی دەهێنمەوە بۆ ئەوەی گومان لەسەر ڕاستی و دروستی ماناکانی دروست نەبێت .

١ ـ عن ابن عباس رضي الله عنه قال : قال عمر رضي الله عنه وهو جالس على منبر رسول الله ﷺ : " إن الله قد بعث محمدا ﷺ بالحق وأنزل عليه الكتاب **فكان مما أنزل عليه آية الرجم قرأناها ووعيناها وعقلناها فرجم رسول الله ﷺ ورجمنا بعده فأخشى إن طال بالناس زمان أن يقول قائل ما نجد الرجم في كتاب الله فيضلوا بترك فريضة أنزلها الله وإن الرجم في كتاب الله حق على من زنى إذا أحصن من الرجال والنساء إذا قامت البينة أو كان الحبل أو الاعتراف** " ( متفق عليه ) .

٢ ـ قال رسول الله ﷺ : " خذوا عني خذوا عني قد جعل الله لهن سبيلا البكر بالبكر جلد مائة ونفي سنة **والثيب بالثيب جلد مائة والرجم** " ( رواه مسلم ) . بەڵام جەڵدە بۆ کەسێکی ژندار نەسخ بووەتەوە .

٣ ـ وقال رسول الله ﷺ للرجل الذي زنى ابنه بزوجة رجل آخر : " **والذي نفسي بيده لأقضين بينكما بكتاب الله جل**

**ذكره** المائة شاة والخادم رد وعلى ابنك جلد مائة وتغريب عام **واغد يا أنيس على امرأة هذا فإن اعترفت فارجمها** " ، **فغدا عليها فاعترفت فرجمها** ( متفق عليه ) .

٤ـ وقال رسول الله ﷺ : " **لا يحل دم امرئ مسلم يشهد أن لا إله إلا الله وأني رسول الله إلا بإحدى ثلاث** : النفس بالنفس ، **والثيب الزاني** ، والمفارق لدينه التارك للجماعة " ( متفق عليه ) ، وفي رواية لابي داود : " **زان محصن فيُقتل** " .

٥ـ وعَنْ عِمْرَانَ بْنِ حُصَيْنٍ **أَنَّ امْرَأَةً مِنْ جُهَيْنَةَ أَتَتْ نَبِيَّ اللَّهِ ﷺ وَهِيَ حُبْلَى مِنَ الزِّنَى فَقَالَتْ يَا نَبِيَّ اللَّهِ أَصَبْتُ حَدًّا فَأَقِمْهُ عَلَيَّ** فَدَعَا نَبِيُّ اللَّهِ ﷺ وَلِيَّهَا فَقَالَ " أَحْسِنْ إِلَيْهَا فَإِذَا وَضَعَتْ فَائْتِنِي بِهَا " . فَفَعَلَ فَأَمَرَ بِهَا نَبِيُّ اللَّهِ ﷺ **فَشُكَّتْ عَلَيْهَا ثِيَابُهَا ثُمَّ أَمَرَ بِهَا فَرُجِمَتْ ثُمَّ صَلَّى عَلَيْهَا** فَقَالَ لَهُ عُمَرُ تُصَلِّي عَلَيْهَا يَا نَبِيَّ اللَّهِ وَقَدْ زَنَتْ فَقَالَ : " لَقَدْ تَابَتْ تَوْبَةً لَوْ قُسِمَتْ بَيْنَ سَبْعِينَ مِنْ أَهْلِ الْمَدِينَةِ لَوَسِعَتْهُمْ وَهَلْ وَجَدْتَ تَوْبَةً أَفْضَلَ مِنْ أَنْ جَادَتْ بِنَفْسِهَا لِلَّهِ تَعَالَى " .

٦ـ **أمره** ﷺ **برجم يهوديين** كما في صحيح البخاري ومسلم .

**تەنها حەدیسی بوخاری و موسلم هێناوە بۆ ئەوەی تەنها گومانێکیش نەمێنێت لەسەر ئەم حوکمە خواییە کە لەگەڵ عەقڵ و ژیریشدا یەکدەگرێتەوە بەڵام عەقڵێك گەر نەفامی و نەزانی و بۆگەنی و بیدعەی تێکەڵ نەبووبێت وە بە هەوا وئارەزوو بڕیار نەدات .**

**وە هەندێك لە حیکمەت و دانایی سزادانی زیناکار باس دەکەم بە یارمەتی خوای پەروەردگار :**

**١ـ پاراستنی ڕەچەڵکی نەتەوە و هۆز و بنەماڵە و کۆمەڵگا بەگشتی .**

**٢ ـ پاراستنی کەسایەتی و شەرەفی خەڵك لەوەی کە بەدەستی گورگەکانی کۆمەڵگا بڕوشێنرێت .**

**٣ ـ پاراستنی خێزان لەوەی کە تێك بشکێت و لەناو بچێت کە پیاو و ژن متمانەیان بە یەکتر نەمێنێت**

**٤ـ پاراستنی کومەڵگا لەو نەخۆشیە کوشندانەی کە لە کاری زیناکردنەوە پەیدادەبن وەك : ئایدز .**

**٥ـ پاراستنی سەروەت و ماڵی خەڵك چونکە ئەگەر کەسێك کەوتە نێو تۆڕی عیشقەوە هەرچی هەبێت دەیبەخشێت بۆ ئەوەی بگات بە مەعشوقەکەی .**

**٦ـ ڕەحم کردن بە منداڵان چونکە ئەگەر بە زینا لە دایك بن یان فڕێدەدرێن و دەمرێت یان گەورە دەبێت لە دووری ڕەحمەتی دایك یان باوك یان هەردووکیان وگەورەبوون لەسەر پەروەردەیەکی نەشیاو .**

**٧ ـ پاراستنی ڕۆح و گیان ، چونکە زینا دەبێتە هۆی شەڕ و ئاشوب لە نێوان هەردوو بنەماڵەی کوڕ و کچەکە و کوشتنی یەکتر بەهۆی زیناوە .**

**٨ـ پاراستنی کومەڵگا لە تێکچوون و لەناوچوون بەوەی کە بەڕەڵایی و بێشەرمی و بەها بەرزەکان لەنێو کۆمەڵگا سەفەر دەکەن .**

**تێبینی : لەم نوسینەدا زیاتر سودم لە کتێبی ( عقوبة الزنى ) لە نوسینی ( د . صالح بن ناصر الخزيم ) ، وەگرتووە .**

وصلى الله على محمد وعلى آله وصحبه ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين

**ئامانج محمود محمد . دەرچووی پەیماگای زانستە ئیسلامیەکان ـ سلێمانی**

====================

## ئایا ئەوەی دەیزانی کاری پێ دەکەی ؟!

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه :

**یەکێك لەو نەهامەتییانەی کەکۆمەڵگامانی پێدا دەڕوات ئەوەیە کەموسوڵمانی ئەمڕۆ ئەوەی کەدەیزانێ و دەیڵێ و زۆر جار لەناو خەڵکی و کۆڕو کۆمەڵ بانگی خەڵکی بۆ دەکات بەداخەوە خودی خۆی ئەنجامی نادات ، بەڕاستی زانستی بێ کردەوە وەك داری بێ بەر وایە ، وە خوای گەورە دەفەرموێت :** ﴿مَثَلُ الَّذِينَ حُمِّلُوا التَّوْرَاةَ ثُمَّ لَمْ يَحْمِلُوهَا كَمَثَلِ الْحِمَارِ يَحْمِلُ أَسْفَاراً بِئْسَ مَثَلُ الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِ اللَّهِ وَاللَّهُ لا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ﴾(الجمعة :٥).**واتە: نمونەی بەسەرهاتی ئەوانەی کەتەوراتیان درا بەسەرا لەپاشان هەڵیان**

نەگرت(ڕەفتاریان پێ نەکرد) وەك گوێدرێژێك کە کتێبێکی زۆری هەڵگرتبێ و سوودی لێ نابینێ .

بۆیە دەبێت هەمیشە موسوڵمان ئاگای لەوە بێت کەهاوشێوەی پردی لێ نەیەت کەخەڵکی بەسەر پشتی ئەودا بچنە بەهەشتەوەو خۆیشی لەئاگردا بسووتێ خوای گەورە دەفەرموێت: (أَتَأۡمُرُونَ ٱلنَّاسَ بِالبِرِّ وَتَنسَوۡنَ أَنفُسَكُم وَأَنتُم تَتلُونَ ٱلكِتَٰبَۚ أَفَلَا تَعقِلُونَ (البقرة :٤٤).

واتە: ئایا فەرمان بەسەر خەڵکی دا دەدەن بەچاکەو وەخۆتان فەرامۆش دەکەن لەگەڵ ئەمەشدا کەئێوە پەڕاوەکە (تەورات)دەخوێننەوە دەی ئایا ژیر نابن و تێی ناگەن . وەهەروەها خوای گەورە دەفەرموێت : (يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفعَلُونَ (٢) كَبُرَ مَقتًا عِندَ ٱللَّهِ أَن تَقُولُواْ مَا لَا تَفعَلُونَ (٣) ) (الصف).

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە بۆچی ئەوەی ئەیڵێن ئەنجامی نادەن ، زۆر مایەی ڕق و تورەییە بەلای خوا کەقسەیەك بڵێن و کردەوەی پێ نەکەن.

موسڵمانانی خۆشەویست بەڕاستی کارەساتە وەچی کارەساتێك کەمرۆڤ بەزمانی قسەی چاکەو خێر بکات وەبەپێنووسەکەی بینوسێتەوە بەڵام خودی خۆی کاری پێ نەکات هەموو موسڵمانێك بەبێ جیاوازی چینایەتی و پلەو پایە کەدەزانێت نوێژکردن و ڕۆژوو گرتن وەچاکە لەگەڵ دایك و باوك و ئەزیەت نەدانی دراوسێ ..هتد ،واجبە لەسەری کەئەنجامیان بدات بەڵام ئایا ئەنجامی دەدەن لەژیانی ڕۆژانەدا ؟ بێ گومان نەخێر! زۆربەی خەڵکی ئەنجامی نادات ئەگەر ئەنجامیان بدایە ئەم هەموو کارو ڕەوشتە خراپانە لەدەوروبەرمان بڵاو نەدەبووەوە ، بۆیە پێویستە مرۆڤی ئیماندار چاو لە پێغەمبەران علیهم الصلاة والسلام بکات کەخێراترین کەس بوون بۆ ئەنجامدانی کاری چاك وەدوورکەوتنەوە لەکاری خراپ ، خوای گەورە لەوەسف و ستایشی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم)دا دەفەرموێ : (لَّقَدۡ كَانَ لَكُم فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسوَةٌ حَسَنَةٌ) (الأحزاب :٢١). واتە : بەڕاستی لەپێغەمبەری خودا بۆئێوە سەرمەشقی و پێشەوایەتی چاك هەیە .

هەریەك لەئێمە دەزانین کەلەنێوان ئێمەو هاوەڵانی پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه وسلم) جیاوازییەکی زۆر هەیە بەڵام هۆکاری ئەم جیاوازییە چییە ئایا ئەوان دەربارەی ئاینی ئیسلام شتێکیان زانیوە کەئێمە نایزانین ؟ بێ گومان نەخێر.

موسوڵمانانی خۆشەویست ئێمە عەقڵمان هەیە وەکو چۆن ئەوان عەقڵیان هەبوو دین بەڵگەیە بەسەرمانەوە وەکو چۆن بەڵگە بووە بەسەر ئەوانەوە ، بەڵێ خاڵی جیاوازی نێوانمان ئەوان کاریان بەوە دەکرد کەدەیانزانی ، بۆیە دەڵێم ئەگەر ئەمە حاڵی خاوەن زانستەکەمان بێت ئەی دەبێت حاڵی خەڵکی ئاسایی چۆن بێت ؟ وەکو شاعیر دەفەرموێ (اذا كان رب البيت للطبل ضاربا فلا تلوموا الصبيان فيه على الرقص).واتە: ئەگەر خاوەن ماڵ تەپڵ لێدەر بێت ئەوە لۆمەی ئەو منداڵە مەکەن کەسەما دەکات .

بۆیە پێویستە لەسەرمان دابچەڵەکێین و وشیار ببینەوە لەپێشا نەفسی خۆمان دواتر هەوڵ بۆ خەڵکی تر بدەین وەکو خوای گەورە دەفەرموێت : (يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قُوٓاْ أَنفُسَكُم وَأَهلِيكُم نَارا ) (التحريم :٦).

واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە خۆتان و ماڵ و کەسوکارتان بپارێزن لەئاگر)

ئەم جۆرە ڕەفتارە هەبوونی لەمرۆڤدا هۆکارێکە کە خاوەنەکەی بخاتە دۆزەخەوە وەکو پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم)لەفەرموودەیەکدا دەفەرموێت: لەڕۆژی دواییدا پیاوێك دەهێنن دەیخەنە ناو ئاگرەوە ڕیخۆڵەی دەردەچێ دەسوڕێتەوە وەکو چۆن گوێ درێژ بەدەوری دەسهاڕدا دەسوڕێتەوە خەڵکی ئاگری لەسەر کۆدەبنەوە پێی دەڵێن : ئەی فلان چی تۆی خستە ئێرە ؟ ئەی تۆ نەبووی فەرمانت پێ دەکرین بەچاکەو ڕێگریت لێ دەکردین لەخراپە ؟ دەڵێ . من فەرمانم پێتان دەکرد بەچاکەو ئەنجامم نەدەدا و وەڕێگریم لێ دەکردن لەخراپەو ئەنجامم دەدا. متفق عليه

دیاری عەباس. دەرچووی بەشی یاسا.

## هەڵویستی پێشینە و سەلەفی صالح

**ـ لەهاوەڵان شوێنکەوتەی هاوەڵان وئەوانەی دوای ئەوانیش لە پێشەوایان ـ**

## بەرامبەر بە دەقەکانی قورئان و سوننەت

**موسـولمانی بـەڕێز دوای ئـەوەی لـە زنجـیرەی پێـشوودا باسـی بنچینەی دامەزرانـدنی بیروبـاوەڕی موعتزیلـە کـرا ، و ڕوونکرایـەوە کـە بیروبـاوەڕی ئـەم گروپـە لـە سـەر ئـەقڵ دامـەزراوە ، لـەم زنجـیرەدا بـە پشتیوانی پەرەستراوی حەق ( الله ) باسی هەڵویستی پیشینە و سـەلەفی صـاڵح . لـە هـاوەڵان شـوێنکەوتەی هـاوەڵان و ئەوانـەی دوای ئـەوانیش لـە پێـشەوایان . دەکەین بەرامبەر بە ئەقڵ ، و دواتریش لە زنجیرەیەکی تردا بە پشتیوانی خوای باڵا باسی پلە و پایەی ئەقڵ دەکـەین لـە ئـایینی ئیسلامدا لـە ڕوانگـەی ئایەتـەکانی قورئـان و فـەرموودەکانی پێغەمبـەری خـوا ﷺ ، و تێگەیشتنی پیشینە و سەلەفی صاڵحەوە .**

**جا با بزانین ئایە هەڵوێستی پیشینە و سـەلەفی صاڵح بەرامبەر بە دەقە شەرعییەکانی قورئان سوننەت چۆن بووە ؟ ئایە هەرگیز سنوری دەقە شەرعییەکانیان بەزانـدووە ، و بـە عـەقڵ بڕیاریـان لەسـەر دەقـە شـەرعییەکان داوە ؟ لـە کاتێکـدا کـە ئـەوان باشـترینی مرۆڤەکانی ئەم ئوممەتەن بە شاهیدی پێغەمبەری خوا ﷺ ، هەروەك** ( أبو هريرة ) رضي الله عنه **دەگێڕێتـەوە :** سئل رسول الله ﷺ : أي الناس خير ؟ فقال : " أنا والذين معي ثم الذين على الأثر ثم الذين على الأثر " وكأنه رفض من بقي ( رواه أحمد في مسنده ، وصححه الألباني في السلسلة الصحيحة :٤ / ٤٥٥ ) ، **پرسیارکرا لە پێغەمبەری خوا ﷺ ئایە کێ باشترینی خەڵکە ؟ فـەرمووی : مـن و ئەوانـەی کـە لەگەڵ منن پاشان ئەوانەی کە شوێن ئـەوان دەکـەون ، وپاشان ئەوانەی کە شوێن ئەوان دەکەون . أبو هریرە** رضي الله عنه **دەڵێت : وەك ئـەوەی پێغەمبـەری خوا ﷺ خـەڵکی دوای ئەوانی ڕەدکردبێتەوە .**

**بۆیە ئەگەر کەسێك لەسەر ڕێگا و ڕێبازی ئەو سێ کۆمەڵەیـە نـەبێت ئـەوا بەڕاسـتی بـە هیلاکـدا چـووە ، و فەوتاوە ، وەك چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێ :** (( وتفترق أمتي على ثلاث وسبعين ملة كلهم في النار إلا ملة واحدة ، قالوا : وما هي يا رسول الله ؟ قال : ما أنا عليه و أصحابي )) ( صحيح وضعيف الجامع الصغير برقم : ٩٤٧٤ ) .

**وە لە** ( عبدالله بن مسعود ) **ـەوە** رضي الله عنه **دەگێڕنـەوە کـە سەبارەت بە ڕێگای ڕاست فەرموویەتی :** (( تركنا رسول الله ﷺ على طرفه ، وطرفه الآخر في الجنة " ( أخرجه ابن مردويه والبيهقي في شعب الإيمان ) .

**پاشان لە وەڵامی ئـەو پرسـیارانەی کـە لەسـەرەتای بابەتەکە ئامـاژەی پێکـرا ، دەوترێـت : بێگومـان نـەخێر هـەرگیز پیـشینە و سـەلەفی صـاڵح سـنوری دەقـە شەرعییەکانیان نەبەزاندووە ، و واتاکەیان نەگۆڕیوە بۆ واتایەکی تر ئیللا مەگەر بەڵگەیەکی تریان هـەبووبێت لە دەقە شەرعییەکانی قورئان وسوننەت کە بەڵگە بێت لەسـەر واتاکـەی تـر ، وە فـەرموودەیان وەرگرتـووە ئەگەرچـی یـەك کەسـیش گێڕابێتییـەوە ، وە کاریـشیان بەو فەرموودەیە کردووە ، وە هەرگیز تانە و تەشـەریان لـە هـاوەڵان نـەداوە ، بـەڵکو تانـە و تەشـەرەدانیان لـە هـاوەڵان بـە بـێ بـاوەڕی و تـاوانی گـەورە زانیـوە ، وە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :** " من سب أصحابي ؛ فعليه لعنة الله والملائكة والناس أجمعين " .

**وە** أبو زرعة الرازي **فەرموویـەتی :** (( إذا رأيت الرجل ينتقص أصحاب رسول الله ﷺ فاعلم أنه زنديق ، وذلك لأن الرسول حق ، والقرآن حق ، وما جاء به حق ، وإنما أدى ذلك إلينا كله الصحابة ، وهؤلاء . أي الزنادقة ومن سار على نهجهم . يريدون أن يجرحوا شهودنا ليبطلوا الكتاب والسنة ، و الجرح بهم أولى وهم زنادقة )) .

**وە پیـشینە و سـەلەفی صـاڵح هـەموو کـات لـە بەرامبـەر دەقـە شـەرعییەکاندا ووتوویانـە :** (( سمعنا وأطعنا)) **، وە ئەگـەر شـارەزاییان لـە شـتێك نـەبووبێت و**

نەیانزانیبێت لەخۆیانەوە قسەیان لەسەری نەکردووە ، و لە ئاستیدا بێ دەنگیان هەڵبژاردووە ، وەك چۆن کاتێك كە پێغەمبەری خوا ﷺ هەندێك جار پرسیاری لێدەکردن ئەوانیش لەوڵامدا دەیان ووت : (( الله ورسوله أعلم )) ، وە پاشان دوای مردنی پێغەمبەری خوا ﷺ تەنها دەوترا ( الله أعلم ) .

**جا لێرەدا هەندێك نموونە دەخەینەڕوو بۆ وڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی كە سەرەتا ئاماژەی پێكرا ، دوای هێناوەی بەڵگە لەسەر ترسناكی قسە كردن بە ناو خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەكەی ﷺ :**

١ ـ قال الله ـ تبارك وتعالي ـ : ﴿ وَلَا تَقُولُوا لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ الْكَذِبَ هَـٰذَا حَلَالٌ وَهَـٰذَا حَرَامٌ لِّتَفْتَرُوا عَلَى اللَّـهِ الْكَذِبَ إِنَّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللَّـهِ الْكَذِبَ لَا يُفْلِحُونَ ﴾ ( النحل : ١١٦ ) .

٢ ـ قال رسول الله ﷺ : " مَنْ كَذَبَ عَلَيَّ مُتَعَمِّدًا ؛ فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ " ( متفق عليه ) .

**هەندێك لە هەڵویستی پێشینە چاكەكان :**

١ ـ وە فەرموودەی : " إنما الأعمال بالنيات ... " یەكێكە لەو فەرموودانەی كە تەنها یەك كەس گێڕاوییتیەوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ كە ئەویش ( عمر ابن خطاب ) ـە ، و تەنها یەك كەسیش لە ( عمر ) ـەوە گێڕاوێتییەوە كە ( علقمة ابن وقاص اليثي ) یە وە تەنها یەك كەسێش لەوەوە گێڕاوێتییەوە كە ( محمد ابن إبراهيم التيمي ) یە تا دوایی یەك یەك لە یەكتریان گێڕاوەتەوە لە دواین كەسەوە بڵاوەی كردووە و كۆمەڵێك كەسی زۆر گێڕاویانەتەوە ، لە هەمان كاتدا هەرچەند ئەم فەرموودەیە تەنها یەك كەس گێڕاوێتییەوە هەموو ئەهلی سوننە لە پێشینە چاكەكان و ئەوانەی دوای ئەوانیش هەتاوەكو ئەمڕۆ كار بەو فەرموودەیە دەكەن .

٢ ـ وە كاتێك كە پێغەمبەری خوا ﷺ علی رضي الله عنه نارد بۆ تێكۆشان لە پێناو خوادا پێی فەرموو : (( اذهب على رسلك ولا تلتفت )) كاتێك علی دەیەوێ پرسیار لە پێغەمبەری خوا بكات ﷺ دەستی هەڵدەبڕێت و پرسیارەكەی دەكات بێ ئەوەی كە بەربكاتە دواوە .

٣ ـ وە عمر رضي الله عنه داركاری ( صبيغ ) ـی تەمیمی كرد لەبەر ئەو باس و خواسەی كە هەیبوو دەربارەی هەندێك لە پیتەكانی قورئان .

٤ ـ وە عمران كوڕی حصين ووتی : شەرمكردن لە باوەڕەوەیە .

كەسێك لەلای بوو ووتی : لە حیكمەتدا نوسراوە : بەڕاستی هەندێك لە شەرمكرد كەموكورتی هەیە ، وە هەندێكی لەسەر خۆیی و دانایی یە . عمران ووتی : من ووتەی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ تۆ دەگێڕمەوە ، تۆش ووتەی كتابەكەتم بۆ دەگێڕیتەوە ؟! هەرگیز قسەت لەگەڵناكەم .

٥ ـ وە پیاوێكی یەمەنی بە ( ابن عمر ) ـی ووت : ئایە وا نابینیت ئەگەر وابێت ، ئایە وا نابینیت ئەگەر وابێت . مەبەستی پرسیاركردن بوو لە حوكمەكان بە ڕاوبۆچوون ـ ، ( ابن عمر ) یش پێی ووت ئایە وا نابینیت ئەگەر وابێت لەیەمەن دابنێ !! بەڕاستی ئەمە ڕێگا و ڕێبازی پێغەمبەری خوایە ﷺ . واتە ڕاوبۆچوونەكان لە بەرامبەر ڕیگا و ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ بەكار مەهێنە ـ !! ( الإبانة الصغرى ) .

٦ ـ وە شعبی ووتوویەتی : هەرگیز بەڕاو بۆچوونی خۆم هیچ بڕیار و حوكمێكم نەداوە . ( الإبانة الصغرى ) .

٧ ـ أبو بكر الصديق رضي الله عنه ووتوویەتی : چ ئاسمانێك سێبەرم بۆ دەكات ، و چ زەوییەك هەڵمدەگرێ ئەگەر شتێك بڵێم لە كیتابەكەی خوادا كە نەیزانم ... والله أعلم .

وَآخِرُ دَعْوَاهُمْ أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ .

**حسين عمر عثمان**

**دەرچووی پەیمانگای زانستە ئیسلامیەکان ـ سلیمانی**

# سوێند بەکێ بخۆم ؟

سوێند خواردن گومانی تێدا نییە شتێکی بەربڵاوە و هەمیشەیی و بەردەوامە لەنێو کۆمەڵگەی ئێمەی موسڵماندا،هۆکارەکەشی ئەوەیە تاکە شتە کە سەبەب و هۆکارە بۆ ڕازی کردن و بەدەست هێنانی متمانەی کەسانەی بەرامبەر،ئەو کەسەشی کە سوێند دەخوات لەبەر گەورەیی و پلەوپایەی ئەو کەسەیە یان ئەوشتەیە کە سوێندی پێ دەخوات هەر کەسێکیش ئەوسوێندە بەکەسێك بخوات یان بە شتێك ئەوە هاوبەشی بۆخوا پەیداکردوە(الشرك) ،ئەمەش ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە جۆرە سوێندێك بەکاردێنن و ئاگاشیان لێی نییە کە تاوانە و خاوەنەکەی سزایەکی سەختی هەیە لەقیامەت،بۆنمونە دەگوتری(بەشەرەفم، بەناموسم،بەگۆڕی فلاَن،بەسەری دایکم،بەحەقی پێغەمبەر بە .......

ئەمەش حەرامە و تاوانەو دروست نییە چونکە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەفەرموێت :

(إن الله ينهاكم أن تحلفوا بأبائكم فمن كان حالفا فليحلف بالله أو ليسكت). صحيح سنن أبي داود ٣٢٤٩.

واتە : خوای گەورە نەهی لێتان کردوە کە سوێند بە باب و باپیر و کەس و کارتان بخۆن ،هەر یەکێك لە ئێوە ئەگەر سوێندی خوار ئەوا بابەس بە خوای گەورە سوێند بخوا یان بێدەنگ بێت.

لەفەرمودەیەکی تردا رسول الله صلی الله علیه وسلم دەفەرموێ :(من حلف بغير الله فقد كفر أو أشرك).

واتە ئەوەی سوێند بە غەیری خوا بخوات ئەوا یان کفری کردوە یان هاوبەشی بۆخوا داناوە.

شەریك بۆخوا بڕیاردان سزایەکی زۆر سەختی هەیەو پاداشتەکەشی جەهەنەمە ، کەوایە موسوڵمانانی خۆشەویست خوای گەورە کە خالقی ئەرزو ئاسمان و شاخ و دەشتەکانە هەر خۆی شایسەتی ئەوەیە سوێندی پێ بخورێت و لێی بپاڕێیتەوە نەك فلاَن کەس و فلاَن شەخس و فلاَن گۆڕ، خوای گەورە سەرئەنجام و عاقیبەتی کەسە هاوبەش بڕیاردەرەکانی دیاری کردوە و دەفەرموێت :

﴿إِنَّهُ مَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ﴾ (المائدة :٧٢).

واتە : هەرکەسێ هاوبەش بۆخوا بریار بدا ئەوا خوا بەهەشتی لەسەر حرام دەکاو دەیکاتە جهنمەوە و کەسیش ناتوانێ فریای بکەوێ و سەری بخات و ڕزگاری بکات.

دەی کەوایە موسڵمانی خۆشەویست تەوبە بکەو بگەڕێوە بۆلای خوا ئەگەر تاکو ئێستاش نەتزانیوە و بەغەیری خوا سوێندت خواردوە بگەڕێوە بۆلای خوا و تەوبەیەکی یەکجارەکی بکە بۆئەوەی بەوتاوانەوە نەگەڕێیتەوە بۆلای خوای گەورەو قیامەتت لەدەست نەدەی ،دەرگای تەوبە هەمیشە کراوەیە و خۆت پاك بکەوە لەو تاوانە گەورەیە کە خاوەنەکەی دەباتە جهنمەوە بۆ هەتا هەتای و کە لێخۆشبونی نییە ئەو تاوانە چونکە خوای گەورە دەفەرموێت :

(إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ ...) النساء(٤٨).

واتە : خوای گەورە لە کەسێك خۆش نابێ کە هاوبەشی بۆ بڕیار بدات واتە لە تاوانی هاوبەش بڕیاردان خۆش نابێ بەلاَم لەتاوانەکانی تر خۆش دەبێ ئەگەر ویستی لەسەر بێت .

کەواتە لە ئێستەوە سوێندەکانت لە بەشەرەفم و بەناموسم و بە گۆڕی فلاَن و ......بگۆڕە بە سوێند بە رب العالمين سوێند بە رب الكعبە سوێند بە خالقی ئەرز و ئاسمان ).

ئەیاد کریم / بەشی مێژوو / کلار

# فەرمودەکەی ( کەعبی کوڕی مالك ) و چەند سوودێك

گومانی تێدانیەکە فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ پڕن لەوانە وپەند بۆ هەموو موسڵمانێك ، ویەکێك لەو فەرمووادنەش ئەو فەرموودەیە کە بەفەرموودەی ( **کەعبی کوڕی مالك** ) ناسراوە رضي الله عنه ، فەرموودەکە لە بوخاری وموسلیم وپەرتوکی تریشدا هاتووە ولەبەردرێژیی لێرەدا بەکورتیی دەقی فەرموودەکە بە کوردی دەهێنین ودواتر چەند سودێك باس دەکەین بەو هیوایەی خوێنەر سوودی لێوەربگرێت ئەمەش دەقی فەرموودەکەیە : کەعب رضي الله عنه دەفەرموێت لەهیچ غەزایەکدا لە پێغەمبەری خوا ﷺ دوانەکەوتبووم جگە لە غەزای ( تەبووك ) نەبێت ... وە هیچ کاتێك هێندە بەتوانانەبووم وکارم ئاسان نەبووە هێندەی ئەوکاتەی کە دواکەوتم لەو غەزایەدا . دوای ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ موسڵمانانی ئاگادارکردەوە بۆ غەزا وشوێنی غەزاکەشی دیاری کردوو موسڵمانێکی زۆری لە گەڵبوون کە لەدیوانێکدا کۆنەدەکرانەوە . لەبەر زۆری ژمارەیان . ... پێغەمبەری خوا ﷺ ئامادەکاری بۆ غەزا کردو وموسڵمانانیش لەگەڵیدا ومنیش بەیانیان دەردەچووم لەگەڵیاندا ئامادەکاری بکەم کەچی دەگەڕامەوە بێ ئەوەی هیچ بکەم ... ئەوەبوو بەیانیەك پێغەمبەری خوا ﷺ کەوتەڕێ وموسڵمانانی لەگەڵدابوون ومن هیچ ئامادەکارییەکم نەکردبوو ... وام بەدڵداهات کە بەدوایاندا بڕۆم وپێیان بگەم . خۆزگە وام بکردایە . قەدەری خوا ئەوەم بۆنەبوو بەشداریی ئەو غەزایە بکەم ... وە هەرکەبیستم پێغەمبەری خوا ﷺ وادەگەڕێتەوە ختورە دەهات بەدڵمدا وبیرم لەدرۆ دەکردەوەو دەمگوت دەبێ بەچی لەتوڕەیی دەرچم ... ئەوەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ هاتەوە و هەرکاتێك کە لە سەفەر بهاتایەتەوە سەرەتا دەچووە مزگەوت و دوو ڕکات نوێژی دەکرد وودادەنیشت بۆ وەڵامی خەڵکیی وهەرکەوای کرد ئەوانەهاتن کە دواکەوتبوون ودەستیان کرد بەعوزرهێنانەوە وسوێندخواردن بۆی کە هەشتا وقسوور کەس بوون ... دواتر منیش هاتم وکەسەلامم لێکرد زەردەخەنەیەکی کرد زەردەخەنەیەکی توڕەئامێز ، دواتر فەرمووی وەرە ، کەوتمەڕێ تالەبەردەمیدا دانیشتم پێی وتم : " چی دوایی خستی ؟ ئایا وڵاخی سوارییت نەبوو ؟ " وتم : وەڵاهی من ئەگەرلای هەرکەسێکی تر لە ئەهلی دونیا دابنیشتایەم وام دەبینی کە بەعوزرێك لە توڕەبوونی دەردەچم ... ناوەڵاهی هیچ عوزرێکم نیە ، سوێندبەخوا هیچ کاتێك هێندە بەتوانا نەبووم وکارم ئاسان نەبووە کاتێك کە لێت دواکەوتم . پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی : " ئەمیان ڕاستی کرد ، هەستە هەتاخوای گەورە فەرمانی خۆیت بەسەردادەدات " ... بەهەندێك لەخزمانی خۆمم وت : ئایا کەسی تر وەك منی ڕووبەڕوو بۆتەوە ؟ وتیان بەڵێ ، دووکەس ... وتم : کێن ؟ وتیان : موڕارەی کوڕی ڕەبیع وهیلالی کوڕی ئومەیە ... وە پێغەمبەری خوانەهیی لەخەڵکی کرد قسە لەگەڵ ئێمە بکەن ئەو سیانەمان لە نێو ئەوانەدا کە دواکەوتبوون . بۆیە خەڵکی لێمان دوورکەوتنەوە وپشتیان لێکردین تاوام لێ هات زەویە کەشم لێ بێزرابوو ئەو زەویە نەبوو کە دەمناسی . لەسەر ئەو بارە پەنجا شەو ماینەوە ، دوو برادەرەکەم دانیان بەخویاندا گرت ولەماڵدا دانیشتن ودەگریان بەڵام من لەوان گەنجتر و بەتواناتربووم دەردەچووم وئامادەی نوێژ دەبووم لەگەڵ موسڵمانان وبەبازاڕدا دەسوڕامەوە وکەس قسەی لەگەڵدا نەدەکردم ، وە دەهاتمەلای پێغەمبەری خوا ﷺ کە لەمەجلسی خۆیدابوو سەلامم لێدەکرد ولەلای خۆمەوە دەمگوت ئایا لێوەکانی جوڵاندەوە بۆ وەڵامی سەلامەکەم ؟ ... ئەم فەرامۆش کردنەی خەڵکی لەسەرم درێژەی کێشا هەتا ڕۆژێك ڕێم

دەکرد تا گەشتمە باخی ئەبی قەتادە . کە ئامۆزا وخۆشەویست ترین کەسم بوو . چوومە ئەو دیوو سەلامم لێکرد سوێند بەخوا وەلاَمی سەلامەکەمی نەدایەوە ، پێمووت : ئەی ئەبی قەتادە ، تۆبیت خودا وام نابینی کە خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەیم ﷺ خۆش دەوێت ؟ بێدەنگ بوو ، دووبارەم کردەوە بێدەنگ بوو ، سێ بارەم کردەوە ، وتی خوا و پێغەمبەرەکەی زاناترن . چاوەکانم پڕبوون لە فرمێسك پشتم هەڵکردوو لە باخەکە هاتمە دەرەوە . لە کاتێکدا بەنێو بازاڕی مەدینەدا ڕێم دەکرد جوتیارێك لە جوتیارەکانی خەڵکی شام کە خۆراکی هێنابوو بیفرۆشێت لەمەدینە دەیوت : کێ کەعبی کوڕی مالیکم نیشان دەدات ؟ خەڵکەکەش ئاماژەیان بۆ دەکرد تاهاتە لام ونامەیەکی لەپاشای غەسسانەوە پێدام ، کە تێیدا نوسرابوو : پێم گەیشتووە کە هاوەڵەکەت پشتی لێکردووی ... خۆت بگەیەنە لامان دڵنەواییت دەکەین . کە خوێندمەوە وتم : ئەمەش بەڵایەکی ترە . بۆیە خستمە تەنوورەوە وسوتاندم . تاچل شەولەپەنجاشەوەکە تێپەڕی نێردراوی پێغەمبەری خوا ﷺ هاتەلام ووتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانت پێدەکات کە لەخێزانت دووربکەویتەوە . وتم : تەلاقی بدەم یان چی بکەم ؟ وتی : نا ، بەڵکو لێی دووربکەوە ونزیکی نەبیتەوە . بۆ دوو هاوەڵەکەشم هەمان شت نێردرابوو ... دوای ئەوە دە شەو مامەوە تاپەنجاشەومان پڕکردەوە لەو کاتەوەی کە پێغەمبەر ﷺ نەهی کرد لە قسەلەگەڵکردنمان . لە کاتێکدا نوێژی بەیانیم کرد لەسبەینانی شەوی پەنجایەم لەسەربانی یەکێك لەخانووەکانمان بووم ، لە کاتێکدا دانیشتبووم لەسەر ئەو شێوەی کە خواباسی دەکات ، دەروونی خۆمم لێ تەنگ بووبوو ، وەزەوی پان وبەرینم لەلا تەنگ بووبوو ، لەو کاتەدا گوێم لە هاوارێك بوو لەسەر کێوێکەوە بەدەنگی بەرزهاواری دەکرد : ئەی کەعبی کوڕی مالیك ، موژدەت لێبێت . وتی : بەسوژدەدا چووم ، وزانیم کەوا دەرووم لێ کرایەوە . لێرەبەدواوە باسی پیرۆزبایی پێغەمبەر ﷺ وهاوەڵان دەکات وباسی ئەو ئایەتانە دەکات کە سەبارەت بەم ڕووداوە دابەزیون بۆیە یەکێك بیەوێت دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ دەقی فەرموودەکە بەژمارەی (٤٤١٨) لە بوخاریی ، ژمارە (٢٧٩٦) لە موسلمدا .

بەلاَم پێش ئەوەی بچینەسەر هەژمارکردنی هەندێك لە سوودەکانی فەرموودەکە ، دەڵێم : ئەگەر سەرنج بدەینە ناوەڕۆکی ئەم فەرموودەیە ئەوا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە دەنگبڕینی ( هجر ) پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ ئەم هاوەڵانە لەبەر خودی دواکەوتنیان نەبووە لەو لەشکرەی موسڵمانان ، چونکە وەك ( کەعب ) خۆی دەڵێت : موسڵمانان لەو لەشکرەدا هێندە زۆربوون لە دیوانێکدا جێگەیان نەدەبووەوە ئاشکرایشە لەشکرێکی هێندە گەورە بێنیاز و بێ پێویستە لەتوانای سێ کەس لە کاتێکداسێ کەسەکەش دوانیان بەتەمەن گەورە وکەم توانابن هەروەك ( کەعب ) رضي الله عنه دەڵێت : من لەوان گەنجتر و بەتواناتربووم . بەڵکو پێویستە باش بزانین کە تاکە هۆکاری دەنگبڕین وپشت هەڵکردنی موسڵمانان لەم هاوەڵانە دەرچوونیان بوو لەفەرمانی پێغەمبەری خوا ﷺ وکەمتەرخەمیان بوو لەگوێڕایەڵی کردنی فەرمانەکانیدا جا بۆیە پێویستە لەسەر ئێمەی موسڵمان باش لەوە تێبگەین کە ئەگەر دەرچوون لەفەرمانی پێغەمبەری خوا ﷺ لەلایەن سێ هاوەڵەوە کە دوانیان بەشداریی ( بەدر ) یان کردبێت شایەنی سزایەکی هێندە توند بێت ئەوا ئەم سزایە زۆر لە پێشتر دەبێت بۆ کەسانێك بیدعەکاربن وبەتایبەتی ئەوانەیان کە بانگەوازکارن بۆ بیدعەکانیان ، وە موسڵمان دەبێت ئەم سزایە بەسەریاندا بسەپێنن تاکو دەگەڕێنەوە سەر ڕاستەڕێی ئیسلامەتیی وبێگومان ئەم سزایەش سزایەکە لەوپەڕی دادپەروەریدایە چونکە لە دادپەروەرترین کەسی ئەم سەر زەویەوە دەرچووە کە پێغەمبەری خوایە ﷺ

وئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەنگبڕین کارێکی دروست وگونجاوە .

**ئەمانەش هەندێکی ترەلەوسوودانەی لەم فەرموودەیەوە بەدەست دێت :**

✍ دەنگ بڕین ( هەجرکردن ) بۆ کەسانی بیدعەکار ولەفەرمانی پێغەمبەر دەرچوو چارەسەرێکە و بۆ قازانجی خۆیانە بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە لەو هەڵە وتاوانەی کردوویانە ، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم سزایەی بەکارهێناوە وهەموومان دەزانین کە خوای گەورە لە وەسفیدا فەرموویەتی : ﴿ بِالْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ ﴾ ( التوبة : ١٢٨ ) ، واتە : بەسۆز و بە بەزەییە لەگەڵ ئیمانداراندا .

✍ دەنگبڕین بۆ ( هەتاهەتایە ) تا ئەوکەسە پەشیمان بوونەوە ڕادەگەیەنێت چونکە دابەزینی ئایەت نەماوە بەڵکو دەبێت بەفیعلیی گەڕانەوەی ئەو کەسە ببینرێت ئەمەش لەوەوە وەردەگیرێت کە ئەگەر ئایەت دانەبەزیبایە دەنگبڕینی موسڵمانان بۆ هەتاهەتایی دەبوو .

پێشەوا ( **البغوي** ) کاتێک کە ئەم فەرموودەیەی هێناوە لەباسی چیرۆکی دواکەوتنی ( کەعب ) ـدا دەڵێت : (( بەڵگەی دەنگبڕینی هەتاهەتایی تێدایە لەگەڵ ئەهلی بیدەع وە پێغەمبەری خوا ﷺ لەدووڕوویی ( کەعب ) و هاوەڵەکانی ترسا کاتێ دواکەوتن لە دەرچوون لەگەڵی بۆیە فەرمانی کرد دەنگیان لێ بڕن تاکو خوای گەورە تەوبەیانی دابەزاند وپێغەمبەری خوا ﷺ پاکیانی بۆ دەرکەوت ، وە هاوەڵان وشوێنکەوتووانیان وزانایانی ئیسلامیش لەسەر ئەمە ڕۆیشتوون ، یەک دەنگ ویەک ڕابوون لەسەر دژایەتیی ئەهلی بیدەع ودەنگبڕین لێیان )) .

✍ پێویستەڕق وڕقخوازیی لەگەڵ ئەهلی بیدەعدا نەکرێت چونکە لێرەدا دەبینین یەکێک لەسزاکانی ئەم هاوەڵە بەڕێزانە ئەوەبوو فەرمان کرا لە هاوسەرەکانیان دوورکەونەوە ، ( **فضيل بن عياض** ) لەم بارەیەوە فەرموویەتی : هەر کەسێک کچەکەی لەبیدعەکارێک مارەبکات ئەوا سیلەی ڕەحمی خۆی بڕیوە .

✍ کەسی دەنگ لێبڕاو ماف وەڵامدانەوەی سەلامی نامینێت لەسەر موسڵمانان وەک ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ ودواتر ( ئەبی قەتادە ) یش وەڵامی سەلامەکەی ( کەعب ) یان نەدایەوە .

✍ دەنگبڕین لەسێ ڕۆژ زیاتر بێت دروستە ونەهیکردن لەدەنگ بڕینی زیاد لەسێ ڕۆژبو دەنگبڕینێکە لەسەر شەرع نەبێت .

✍ ڕاستگۆیی دەرگای ڕزگاربوونە لە هەموو تەنگانەیەک وموسڵمان دەبێت هەمیشە ڕاستگۆبێت .

✍ باوەڕداری ڕاستەقینە دڵخۆش دەبێت بە گەڕانەوەی دەنگلێبڕاو نەک ئەوەی پاش گەڕانەوەشی هەر گومانی لێبکات و سوربێت لەسەر دەنگ لێبڕینی .

**م سۆران ڕەفیق . دەرچووی پەیمانگای کەلار ـ بەشی کۆمەڵایەتی**

**وفێرخواز لە کۆلێژی : پەروەردەی ئیسلامی ـ کرکوک**

========================

## ئاگاداری حاڵی ئەو کەسە بە کە بانگەوازی دەکەی

بێ گومان بانگەواز بۆ ئاینی پیرۆزی ئیسلام و تەوحید و شوێنکەوتنی سوننەت ئەرکی سەرشانی هەموومانە، چونکە بەڕاستی کەبەجوانی لەتەوحید تێگەیشتی وەکو پێشینە چاکەکان و شوێنی سوننەت کەوتی ئەو کات لات ڕوون و ئاشکرایە، لەناو چ نورێکدا دەژی ، کەئەوەی بەو شێوە نییە لەونورە دوورە، بۆ ئەوەی کەسانی تریش لەم نوورە بێ بەش نەبن ئەرکە لەسەر تۆی شوێنکەوتەی تەوحیدو سوننەت خەڵک ئاگادار بکەیتەوە و بانگەوازی بکەیت ، خوای گەورە دەفەرموێت : (ٱدْعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ..) (النحل

:١٢٥).

واتە: بانگەواز بۆ لای ڕێگای خوا بکە.

کەواتە نابێ بێ خەم بین بەڵکو پێویستە بانگەواز بکەین ، بەڵام لەبیرمان نەچێت و باش باش ئاگاداربین کەبەداخەوە هەندێکمان لێی بێ ئاگاین ئەوەیە پێویستە کاتێك دەمانەوێ لەگەڵ کەسێکدا قسە بکەین و بانگەوازی بکەین و لەڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام تێی بگەیەنین و ڕێگا ڕاستەکەی پیشان بدەین حاڵی ئەوو ئاستی تێگەیشتنی بزانین ئەوجا بابەتەکان بکەینەوە ، چونکە ڕەنگە بەهۆی نەزانینی حاڵی ئەوەوە ڕەنگە نەك ئیصلاحی بکەی بەڵکو خراپتریشی بکەی .پێشەوای خۆشەویستمان پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) باشترین کەسێك کە چاوی لێ بکەین تەماشاکەن کاتێ هاوەڵی بەڕێز (معاذ)ی نارد بۆ یەمەن پێی فەرموو( أنك ستأتي قوما من أهل الكتاب) بخاري ومسلم.

واتە : تۆ دەڕۆیت بۆلای خەڵکانێك کەلەئەهلی کیتابن (واتە جولەکەوگاورن) بۆ ئەوەی حاڵیان بزانێت و خۆی ئامادە بکات بۆیان . چونکە ئەگەر لەحاڵی ئەوان نەزانی ڕەنگە خراپییەکەی زیاتر بێت لەچاکەکەی ، تۆ لەو بانگەوازەت ڕەنگە تووشی کەسانێك دەبی کە گوماناوییەو شوێنکەوتەی گومانە و شوبهەی هەیە و شوێنی باتڵ کەوتووە کەدەکەویتە قسە کردن لەگەڵی تۆ پێویستیت بەوە هەیە کەتوانای وەڵامدانەوەو بەرپەرچ دانەوەو ڕەواندنەوەی ئەو گومان و شوبهانەت هەبێ ئینجا قسەی لەگەڵ بکەی واتا زانیاریت هەبێ بۆ ڕەددی ئەو گومانانەو گومانەکان و شوبهەکانی بزانی ، چونکە واگومان نەبەیت کەوا هەڵگری باتڵ لەهەموو حاڵەتێکدا شکست دەخوات ، چونکە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی :

((أنكم تختصمون اليّ، ولعل بعضكم أن يكون الحن بحجته من بعض، فأقضي له بنحو مما اسمع))بخاري ومسلم .

واتە: ئێوە ناکۆکی دەکەوێتە نێوانتانەوە دێن بۆ لای من، وەلەوانەیە هەندێکتان زمان زانتر بێت لەدەربڕینی بەڵگەکەی لەهەندێکی تر، منیش بەپێی ئەوەی کەدەیبیستم بڕیار دەدەم و کێشەکە یەکلادەکەمەوە، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا کەسی بەرهەڵستکار ئەگەر چی لەسەر باتڵیش بێت جاری واهەیە لەوانەیە زمان زانتر بێت لەئەوەی تر لەدەربڕینی بەڵگەکەی و قازی و دادوەریش بەپێی ئەوەی کە ئەم بەرهەڵستکارە وتویەتی بڕیار دەدات، بۆیە پێویستە تۆی بانگخواز زانا بیت بەحاڵی ئەو کەسەی کەبانگەوازی دەکەیت ، وەهەروەها یان تووشی کەسانێك دەبی بەبێ زانست و بەڕاهاتن کردەوەکان دەکەن ئاستی زانیاریان باش نییە بۆ نمونە کەکابرایەك دەبینی هاوار دەکاتە غەیری خوا یان سوێندی خوارد بەغەیری خوا ئەگەر چی تاوانێکی گەورەو گەورەترین تاوانەو شیرکی داناوە بۆ خوا بەڵام تۆ پێویستە لەم کاتە زۆر بەحیکمەت بیت و بزانیت چۆن قسەی لەگەڵ دەکەی ڕاستەوخۆ نەیکەیتە هەرا لێی بەڵکو هەوڵ بدەی خراپی تاوانەکەی بۆ ڕوون بکەیتەوە و بەنەرمی قسەی لەگەڵ بکەی چونکە بەشێوازێکی تر و جگە لەحەکیمی ونەرمی پێی بڵێی ڕەنگە قسەی خراپتریش بکات و تاوانەکەی زیاتر بێت هەروەکو ئیمامی عەلی (رضی الله عنه) دەفەرموێ: (حدثوا الناس بما يعرفون ، أتريدون أن يكذب الله ورسوله)بخاري.

واتە: بەو شێوەیە قسە لەگەڵ خەڵك بکە کەدەزانن و زانیارییان پێی هەیە ئایا دەتانەوێ خواو پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بەدرۆ دابنێن .

کەواتە هەندێ جار دەتەوێ کارێك بۆخەڵکێك چاك بکەیتەوە سەردەکێشێ بۆ ئەوەی توشی غەڵەتی گەورەتر بێت ،ئەوەمان لەبیر نەچێت کەهەندێ خەڵك دەیانەوێ گوڵێك بسڕن بەڵام ئەوەندە بەشێوازێك دەستی لێ دەدەن گوڵەکە هەڵدەوەرێنن .. بۆیە تکایە با نەبینە هۆکاری هەڵوەراندنی گوڵەکان ... خوای گەورە یارمەتی هەمووومان بدات.

صلاح علی
دەرچووی بەشی جوگرافیا.ك.پ.كەلار.

====================

## كورتەی ژیانی هاوەڵان

خوێنەرانی بەڕێزی زانست: ئەمە زنجیرەیەكە لە كورتەی ژیانی هاوەڵانی خۆشەویستی ڕەسوڵی خوا ﷺ كە هەر ژمارە و یەكێكیان باس دەكەین بە پشتیوانی خوای گەورە.. بۆ ئەوەی وەفاداریەك پیشان بدەین و ڕونی بكەینەوە چەندە نازدار و لێهاتوو و مەردانە ئاینی ئیسلامیان قەبوڵ كرد و بێ وچان بون لەوەی كە ئەم نور و ڕوناكیە ئاسۆكانی زەمین و مێژوو ڕوناك بكاتەوە..

هەروەها هەوڵێك بێت بۆ چاولێ كردنی ڕەفتارە جوانەكانیان و هەڵویستە جوامێرانەكانیان بۆ ژیانی دینداری و بۆ خودا صوڵحان..

لە كتێبی (المختار من أعلام آل و الأصحاب ) وەرگیراوە كە هەمویم وەرگێڕاوەتە سەر زمانە شیرینەكەی كوردی بۆ نەوەكانمان و بگرە بۆ خۆشمان لەو باخچە پڕ بۆن و بەرامەی كە خۆشەویستی خودا و پەیامبەری ئەكرەم تۆوی سەرەتاكەی چاند و ئە هاوەڵانەش بێ چاوتروكان خزمەتی بێ وێنە و ماندونەناسانەیان كرد و ئیستا گەشتۆتە دەستی ئێمە..

جا ئەی خوای پەروەردگار صەڵاوات و سەلام بۆسەر پەیامبەر و یارانی و ئاڵ و بەیتەكەی دەنێرین ..

پاش ئەوانە:

پێش هەموو شتێك كورتەیەك لەبارەی هاوەڵ و فەزڵی هاوەڵیكردنی پێغەمبەرمان ﷺ دەخەینە روو:

هاوەڵ: ئەو كەسانە دەگرێتەوە كە بە پێغەمبەری خوا گەشتوون و باوەڕیان پێ هێناوە و لەسەرئەو باوەڕە مردوون ، ئەهەلی سوننەت و جەماعەت لەسەر ئەوە ڕێكەوتوون كە هەموو هاوەڵان دادپەروەربوون و خودای گەورە دادپەروەری كردون و هەواڵی داوە لەسەر پاكیان ، و هەڵبژاردنی ئەوان لە دەقی قورئان هاتووە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ﴾. واتە ئێوە باشترین ئاینزان كە دەرخرابێت بۆ خەڵك.

ڕاڤەكاران هاوڕان لەسەر ئەوەی ئەم ئایەتە دابەزیوە بۆ هاوڵان و ئەوانەشی كە لەسەر ڕێگە و ڕێبازی ئەوان ڕۆشتون لە هەر سەدەیەك لە سەدەكاندا ، هەروەكو ئیبن كەسیر و جگە لەویش لە ڕاڤەكاران.

هەروەها خودا دەفەرموێ : ﴿ وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ﴾ واتە: ئێوەمان كردووە بە ئاینپەروەرانی میانڕەو بۆ ئەوەی ببنە شایەت لەسەر خەڵكی .

هەروەها: :﴿ مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّهِ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ ﴾ واتە: محمد ﷺ پێغەمبەری خودایە و ئەوانەشی لەگەڵیدان توندن لەسەر كافران و نەرمن لەنێو خۆیاندا.

وە لە دەقەكانی فەرمودەدا كە شایەتی بۆ ئەوە دەدەن زۆرن ، لەوانە ، فەرمودەی ئەبی سەعید كە فەرمودەیەكی ( صەحیحە ) پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: جوێن بە هاوەڵانم مەدەن ، سوێند بەوكەسەی ڕۆحمی بەدەستە هەركەسێكتان بەقەد كێوی ئوحد زێڕ ببەخشێت ناگاتە مشتێك بەخشینی ئەوان بەڵكو ناگات بە نیو مشتیش.

هەروەها لە فەرمودەی كە عەبدوڵا دەیگێڕێتەوە پێغەمبەرمان ﷺ فەرموی: باشترین كەسانی سەدەكان سەردەمی منن ئینجا ئەوانەی دوای ئەوان ئەوجا ئەوانەی دوای ئەوان ، بەڵام دواتر خەڵكانێك دێن شایەتیدانیان پێش سوێندیان و سوێندیان پێش شایەتی دانیان دەكەوێت .

وە لە بەڕائی كوڕی عازبەوە وتی: گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرمو: پیشتیوانان ( ئەنصار ) كەس خۆشیناوێن جگە لە باوەڕدار ، كەس ڕقی لێیان نابێتەوە جگە لە دووڕووەكان، جا هەركەس خۆشیویستن خودا خۆشی دەوێت ، هەركەسیش ڕقی

لێیان بوو خودا ڕقی لێی دەبێت.

لە عیرباز کوڕی ساریەوە: پێغەمبەر ﷺ ڕۆژێك ئامۆژگاری کردین ، ئامۆژگاریەك کە هێندە کاریگەربوو دڵەکانی دەترساند و چاوەکانیش فرمێسیان پێدا دەهاتە خوارەوە بۆیە وتمان: ئەی پەیامبەری خوا ﷺ ئەڵیی ئامۆژگاری کەسێکەماڵئاوایی بکات و بڕوات.. بۆیە ئامۆژگاریمان بکە.؟ فەرموی: ئامۆژگاریتان دەکەم بە ترسان و تەقواکردن لە خوای گەورە ، و گوێگرتن و گوێڕایەڵی کردنی فەرمانڕەوایان ئەگەر چی کۆیلەیەکی حەبەشیش بێت ، چونکە بەراستی هەرکەسێك لە ئێوە لەپاش من بژێت ئەوا لە داهاتویەکی نزیکدا جیاوازی و ناکۆکیەکی زۆر دەبینێت لەوکاتەدا پەیوەست بن بە ڕێبازی من و جێنشینە ڕینمونی کراوەکانمەوە ، دەستی پێوە بگرن و قەپی پێدا بکەن بەکاکیلەکانتان ، وریایی شتە داهێنراوەکان بن چونکە هەموو داهێنراوێك بیدعەیە و هەموو بیدعەیەکیش گومڕاییە.

هاوەڵان گوێزەرەوەی ئاینەکەمانن ، هەمیشە قوربانیان داوە بە کۆچ کردن و دەربەدەری و شەهید بوون لە پێناوی خودادا ، جیهاد و تێکۆشانیان دەکرد بۆ سەرخستنی ئیسلام و خزمەتکردن بە ماڵ و منداڵ، وە ئامۆژگاری کردن بۆ ئاین پەروەری ، بە ئیمان و باوەڕێکی بهێز و دڵنیاییەوە بێ ئەوە گۆڕان کاری تێیدا بکەن.

ئەوان خوای گەورە هەڵبژاردبوون بۆ سەرخستنی ئاینەکەی و پشتگیری کردن لە پێغەمبەرەکەی ﷺ، هەروەها قورئانیان کۆکردەوە و جەنگ و جیهادیان کرد لەگەڵ بەرهەڵستکارانی دواى کۆچی دوای پەیامبەر ﷺ، ماندووبوون و قوربانیاندا لە پێناو خوای گەورەدا ، گەورەترین تێکۆشانیان کرد ، هەوڵیان تەنها گەورە ڕاگرتنی ئاین و بەرزکردنەوەی دروشمەکانی بوو..

خودا لەبارەیانەوە دەفەرموێ: بێ گومان خودا لەوباوەڕدارانە ڕازی بووە کە پەیمانیان پێدایت لەژێر درەختەکەدا.

ئامادەکردنی: جوان موستەفا

## ئەگەر بڵێن بەیانی ئەمریت، چی ئەکەیت؟

ئەگەر سەروەت و خانووەکانی یەك شارت پێببەخشن ئایا خۆشحاڵ ئەبیت؟

ئەگەر بتکەن بە حاکمی ئەم مەملەکەتە قبوولی ئەکەیت؟

ئەگەر باشترین خواردن و خواردنەوەت بۆ ئامادە بکەن ئەیخۆی؟

ئەگەر باشترین فیلم و مۆسیقا بێنن گوێی لێ ئەگری؟

ئەگەر باشترین شێوە و ڕوخسارت پێببەخشن لە ئاوێنە سەیری ئەکەی؟

وای دانێ مردوویت خەڵك و نەوەکانت ئەگرین بۆت.

وای دانێ لە شوێنی مردوو شۆران خەریکن ئەتشۆن.

بیهێنە پێش چاوت جلەکانیان لەبەر داکەندوی و کفنێکی سپیان لەبەرکردووی.

بیهێنە پێش چاوت تۆیان کردووەتە ناو تابووتەوە و لە چوارلاوە هەڵگیراوە و بەرەو گۆڕستانت ئەبەن.

بیهێنە پێش چاوت تۆیان خستۆتە ناو قەبرەوە و بەخشت داتدەپۆشن.

بیهێنە پێش چاوت خۆڵت بەسەردا دەکەن.

وای دابنێ ئێستا لەتاریکی قەبردای و تەنیا و بێ کەس ڕاکشاویی.

بیر لەو کاتە بکەوە کە دوو فریشتەکە پرسیارت لێ ئەکەن

دڵنیابە ڕۆژێك دێت ئەگەیتە ئەوشتانەی سەرەوەو تاقی ئەکەیتەوە هەروەکو چۆن لەپێش تۆ هاوڕێکانت و پادشاکان و بەتواناکان پێی گەشتن و تاقیان کردەوە، ئێمە هەموو ڕۆژێك لەم ڕۆژە نوسراوە نزیك ئەبینەوە، هەنگاوبە هەنگاو، ساڵ بەساڵ، مانگ بەمانگ، هەفتە بەهەفتە،کاتژمێر بە کاتژمێر ، چرکە بە چرکە....و لەکۆتاییدا پێی ئەگەین.

**سەرچاوە : نامیلکەی مردن لە دەرگا ئەدا**

**لە وەرگیرانی: ڕزگار برا عزیز**

**دەرچووی کولێجی ئەندازیاری/شارستانی ز.سلێمانی**